نێچیرڤان بارزانی و مەولوود چاوشئۆغلۆ کۆبوونەوە

چاوشئۆغلۆ: خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانین لەگەڵ هەرێمی کوردستان


تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5740) سێشەممە 30ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار





مەسرور بارزانی و وەزیری دەرەوەی تورکیا پەرەپێدانی پەیوەندییەکان تاوتوێ دەکەن

دوێنێ دووشەممە 2019/4/29 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە مەولوود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا، کە باڵیۆزی تورکیا لە عێراق و کونسوڵی گشتی تورکیا لە هەولێر و ژمارەیەک راوێژکار و بەرپرس لەهەردوولا ئامادەبوون، پێشهات و پەرەسەندنە سیاسی و ئەمنیەکانی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە تاوتوێ کران.

وەزیری دەرەوەی تورکیا هیوای سەرکەوتنی بۆ مەسرور بارزانی لە سەرۆکایەتیکردنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمدا خواست و ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ هاوکاریکردن و پەرەپێدانی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوولا لە گشت بوارەکاندا دەربڕی.

لە بەرامبەردا مەسرور بارزانی ویستی هەرێمی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییە هەمەچەشنەکان لەگەڵ تورکیا خستەڕوو و ئاماژەی بەوە دا، کە هەرێمی کوردستان و عێراقیش پێویستییان بە پاڵپشتی و یارمەتیی دراوسێکان هەیە بە تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی ڕەوشی ئەو دەڤەرانەی لە ئەنجامی شەڕی دژ بە تیرۆریستان زیانمەند بوونە.

پەرەپێدانی پەیوەندی بازرگانی و دۆسیەی ئاسایشی ناوچەیی و هەڕەشەکانی تیرۆر لە دەڤەرەکەدا تەوەری دیکەی کۆبوونەوەکە بوون.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ستایشی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ تورکیا دووپات کردەوە کە لە کاتە سەختەکاندا هاوکاری و پشتگیریی هەرێمی کوردستانی کردووە، هەروەها خواستی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا دەربڕی و هەموو ئاسانکارییەکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ کار و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی تورکی لە هەرێمی کوردستان نیشان دا و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ تورکیا بە گرنگ و ستراتیژی ناوبێر کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2019/4/29 لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مەولوود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا، پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیا، بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی، هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەروازەی زیاتری سنووری، هاریکاری و هەماهەنگی لە بوارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تیرۆر، دۆخی کەرکووک و ناوچەکانی مادەی 140 و پێکهاتەکانی و هەرێمی کوردستان و عێراقیان بەگشتی تاوتوێ کرد. بەڕێز چاوشئۆغلۆ ویژای دەربڕینی خۆشحاڵی بە سەردانی هەرێمی کوردستان، دووپاتی کردەوە کە چۆن لە کاتە سەختەکاندا پشتیان لە هەرێمی کوردستان نەکردووە، ئێستاش خوازیاری پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانن لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا تورکییەکان دەتوانن لە پڕۆسەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەدا بەتایبەتیش لە ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی داعش کار و وەبەرهێنان بکەن، هەروەها ئامادەی بە دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا کرد و تیشکی خستە سەر گرنگیی هاریکاری و هەماهەنگیی عێراق و تورکیا لە پرسی ئاو و بەڕێوەبردنی کەیسی ئاودا.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەرێم و باڵیۆزی تورکیا لە عێراق و کونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان بەشدار بوون، دۆخ و پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی خرانە بەر باس.

سەردانی مەولوود چاوشئۆغلۆ دەستپێکی توانەوەی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە

دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەمە یەکەم سەردانی بەرپرسانی تورکیایە کە ڕوو لە هەولێر دەکەنەوە، لە دوای ریفراندۆم دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، ساردی پێوە دیار بوو، بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، بەرپرسانی ئەو وڵاتە جارێکیتر بە سەردانیکردنی هەولێر دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەولێر ئاسایی بکەنەوە، کە پێشتر ساردی تێکەوتبوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هەرێمی کوردستان دەخوازێت کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت

لە دیدارێکیدا لەگەڵ بورهان کایە، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی تورکیا دەکاتەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەو گەنجە کوردانەی کە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە لە مەخموور دەستبەسەر کرابوون ئازاد کران

2



شاندێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و تیمێکی هاوپەیمانان کۆبوونەوە

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی وەزارەتدا، ئەنجومەنی باڵای وەزارەت، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و تیمی راوێژکارانی وڵاتانی هاوپەیمانان کۆبوونەوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا:

چیتر ڕێگە نادەین هەڕەشەکانی ئێران بەردەوامبێت

فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبن و پارێزگاری لە هەموو هاوپەیمانە ستراتیژییەکانیشیان دەکەن و ئامادەن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی ئێران. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان:

هیچ سوپایەکی جیهان ناتوانێت بەرزاییەکانی حەمرین کۆنترۆڵبکات

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایدەگەیەنێت کە هیچ سوپایەکی جیهان ناتوانێت بەرزاییەکانی حەمرین کۆنترۆڵ بکات و ئەوەی ئێستا هەیە شەڕی هەواڵگرییە لە دژی داعش، دەشڵێت: داعش توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە عێراقییەکانی نەماوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



(وەفایەک بۆ ئەیلوول)

مۆنیۆمێنتێکە لە باڵەکایەتی کرایەوە

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

لە ڕۆژی 1ی ئایار جەژنی جیهانیی کرێکاران

لە کوردستاندا چەندین چالاکی بەڕێوەدەچێت

لە کوردستان و جیهاندا 5/1 ڕۆژی جیهانی کرێکارانە و لە کوردستانیش بەو بۆنەیە چەندین کار و چالاکی لەشاروشارۆچکەکان ئەنجام دەدرێت. لە هەرێمی کوردستان یاسای پاراستنی ماف و ئیمتیازاتەکانی کرێکارانی کەرتی تایبەتە دیارە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەکتیڤ کراوە و نزیکەی 80 هەزار کرێکاری کەرتی تایبەت مەشمول کراون بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادە و راگرایەتی کۆڵێژی یاسا- زانکۆی سەلاحەددین دەکات

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادە و راگرایەتی کۆڵێژی یاسا- زانکۆی سەلاحەددین دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا.

بەناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان

بەڕێزان لە راگرایەتی کولێژی یاسا - زانکۆی سەلاحەددین

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا)مان پێگەیشت.

(پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا)، یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی سالانێکی دوور و درێژ خزمەتی ڕەوتی زانستی کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێگەیاندنی ژمارەیەک لە کەسایەتی ئەکادیمی و یاساناس هەبووە، کە ئەمڕۆ درێژەپێدەری هەمان ئامانجی زانستی و یاساناسی دکتۆر عەبدولڕەحمانن.

بەم بۆنە خەمناکەوە، سەرەخۆشیی خۆم ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولڕەحمان و کەسوکاری و راگرایەتی کۆڵێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین و مامۆستا و قوتابیان دەکەم.

لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
29ی4ی2019

جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی تورکیا کرایەوە

هێمن هەورامی: هەرێمی کوردستان دەخوازێت کێشەی کورد لە تورکیا بە ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت



لە دیدارێکیدا لەگەڵ بورهان کایە، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی تورکیا دەکاتەوە.

دوای نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 29ی نیسانی 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە نوسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە بورهان کایە، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی بورهان کایە، بۆ تەلاری پەرلەمانی کوردستان باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا کردو جەختی لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لەسەرجەم بواڕەکاندا کردەوەو ڕایگەیاند: "پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا پەرە پێدەدەین و وڵاتی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان گرنگەو بەبایەخەوە دەڕوانینە هەرێمی کوردستان پێکدێت".

هەر لە دیدارەکەدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا کرد و ئەو سەردانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان و هیوادارین پەیوەندییەکانمان زیاتر بەرەوپێش بچێت و پردێکی پەیوەندیی بەهێزیش لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی تورکیا دروست بکرێت و پەرەی پێبدرێت بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونی کاری پەرلەمانی و بگاتە ئاستی سەردانیکردنی لیژنەکانی پەرلەمانی هەردوولا بۆلای یەکتری" .

هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە وڵاتی تورکیا، ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان دەخوازێت کێشەی کورد لەتورکیا بەرێگەی دیالۆگ و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستان ئامادەیی تەواوی تێدایە بۆ هاوکاریکردن لەو پرسەدا.

لای خۆیەوە بورهان کایە، ئەندامی پەرلەمانی تورکیا ،خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانیکردنی پەرلەمانی کوردستان دەربڕی و جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردەوە و هیوای خواست پەیوەندییەکانیان بەرەو پێشتر بچن و ڕایگەیاند: "بەخۆشحاڵییەوە بانگهێشتان دەکەین بۆ پەرلەمانی تورکیا بۆئەوەی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پەرلەمانی تورکیا و پەرلەمانی کوردستاندا دروست ببێت".

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادە و راگرایەتی کۆڵێژی یاسا- زانکۆی سەلاحەددین دەکات

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادە و راگرایەتی کۆڵێژی یاسا- زانکۆی سەلاحەددین دەکات بەبۆنەی کۆچی دوایی دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا.

بەناوی خودای بەخشندە و دلۆڤان

بەڕێزان لە راگرایەتی کولێژی یاسا - زانکۆی سەلاحەددین

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا)مان پێگەیشت.

(پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم عەبدوڵڵا)، یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی سالانێکی دوور و درێژ خزمەتی ڕەوتی زانستی کردووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێگەیاندنی ژمارەیەک لە کەسایەتی ئەکادیمی و یاساناس هەبووە، کە ئەمڕۆ درێژەپێدەری هەمان ئامانجی زانستی و یاساناسی دکتۆر عەبدولڕەحمانن.

بەم بۆنە خەمناکەوە، سەرەخۆشیی خۆم ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولڕەحمان و کەسوکاری و راگرایەتی کۆڵێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین و مامۆستا و قوتابیان دەکەم.

لە خودای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
29ی4ی2019

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە سیاسەتمەداری کورد کەمال بورقای دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی برایانەوە، سەرۆک بارزانی بروسکەیەکی سەرەخۆشیی ئاراستەی سیاسەتمەداری کورد کەمال بورقای کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز کاک کەمال بورقای

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک (مستەفا)ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت. لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان دەکەم و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین.

لەخوای گەورە داواکارم گیانی کاک مستەفا بخاتە بەر دلۆڤانیی خۆی و سەبوری بەخانەوادە و کەسوکاری بەڕێزتان ببەخشێت و دوا ناخۆشیتان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون

مسعود بارزانی
2019/4/29

نێچیرڤان بارزانی سەرەخۆشی لە خانەوادەی پرۆفیسۆر د.عەبدولڕەحمان ڕەحیم دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە پەیامێکدا سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ خانەوادەی بەڕێزی پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم

بە داخەوە هەواڵی کۆچی دواییی خوالێخۆشبوو "پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم"مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی دەکەین، خوای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و سەبوورییتان بداتەوە.

خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د. عەبدولڕەحمان ڕەحیم تەمەن و ژیانی خۆی بۆ خزمەتی نەوە دوای نەوەی وڵاتەکەی تەرخان کرد و خاوەنی پەنجا ساڵ خزمەتی ئەکادیمیە کە جێپەنجەی دیارە و بەو خزمەتە بۆ هەمیشە لە یادەوەریی نەوەکاندا دەمێنێتەوە.

یادی بە خێر و گیانی ئارام بێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/4/29

ئەو گەنجە کوردانەی کە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە لە مەخموور دەستبەسەر کرابوون ئازاد کران

بەرپرسی لقی 23 بۆ «خەبات»: ئەو هێزانەی ئێستا لە مەخموورن بەلای خەڵکەوە نامۆن و ناتوانن ناوچەکە بپارێزن

بەرپرسی لقی23 ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەخموور ئاشکرای کرد، کە ئەو گەنجە کوردانەی مەخموور کە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە دەستبەسەر کرابوون ئازاد کران.

کرمانج عەبدوڵا، بەرپرسی لقی23 ی پارتی لە مەخموور، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: دوێنێ دووشەممە ئەو 13 گەنجە کوردەی ڕۆژێک پێشتر لە مەخموور لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە دەستبەسەر کرابوون، ئازاد کراون. بەرپرسی لقی پارتی لە مەخموور گوتیشی ئەو حاڵەتە نائاساییەی لە مەخموور و شوێنەکانی دیکە هەیە، لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە بالّی بەسەر ئەو سنووراندا کێشاوە، پێشتر هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکە هەبوون و ئەمن و ئاسایش هەبوو، بەڵام ئەو هێزانەی ئێستا لە سنووڕەکەن بەلای خەڵکەوە نامۆن و یارمەتیش نادرێن و بۆ خۆشیان ناشتوانن ناوچەکان بپارێزن، بەو هۆیەشەوە بەشی زۆری گوندەکانی سنووڕەکە چۆڵ کراون.

شاندێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و تیمێکی هاوپەیمانان کۆبوونەوە



وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی وەزارەتدا ئەنجومەنی باڵای وەزارەت، کە پێکهاتبوون لە سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەت و جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی و فەریق جەمال محەمەد سەرۆکی ئەرکانی وەزارەت و ئەندامانی بۆردی سەربازیی وەزارەت، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی و تیمی ڕاوێژکارانی وڵاتانی هاوپەیمانان کۆبوونەوە.

وەزارەتی پێشمەرگە ئامانژە بەوەش دەکات "لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا کۆڵۆنێل ویل بە ئینفۆگرافیکێک پوختەیەکی سەبارەت بە کارەکانی پڕۆسەی چاکسازی پێشکەش کرد و ڕوونکردنەوەی پێویستی دەربارەی ناوەڕۆک و چۆنێتی پڕۆژەکان خستەڕوو، دواتر تیمی ڕاپۆرتی ئامادەباشی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ڕاپۆرتی خۆیان نیشانداو لەلایەن ئامادەبوانەوە بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر کرا. ڕاپۆرتەکە دەربارەی یەکێک لە پڕۆژە گرنگەکانی ناو بەرنامەو پلانی چاکسازیەو پەیوەستە بە پرنسیپە بنەڕەتیەکانی سەربازییەوە.

ڕاپۆرتەکە جێی بایەخی ئامادەبووان بوو، دەستنیشانی بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتەکە کرا بۆ وەزارەت بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر و بەرپرسانی باڵای وەزارەت. هەروەها لەبارەی میکانیزمی جێبەجێکردنەکەشی ئەنجومەنی باڵای وەزارەت پێشنیازو ڕاسپاردەی خۆیان پێشکەش بە تیمی ئامادەباشی ڕاپۆرتەکە کرد.

وەزارەتی پێشمەرگە ڕاشیدەگەیەنێ: لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆی پێویست لەسەر بنەماو تەوەرو ئاراستەکانی پڕۆژەکانی چاکسازی کراو جەخت لەسەر بەئەنجامگەیاندنیان کرایەوە. لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەکەدا ڕایدەگەیەنین، ئەنجومەنی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە پاڵپشتی خۆیان بۆ پڕۆسەو هەنگاوەکانی چاکسازی دووپاتکردەوە، هاوپەیمانانیش پشتیوانی خۆیان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە خستەڕوو، دواجار لیوا دلێر میران بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ستایشی هەوڵە بەردەوامەکانی هاوپەیمانانی لە بەڕێوەچوونی پڕۆسەی چاکسازی کرد و ڕاشیگەیاند: بەهەوڵ و هیمەتی هەموولایەک و مکوڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەرخستن و سەرکەوتنی پڕۆسەکە دڵنیاین.

پارتی دیموکراتی کوردستان
KDP 1946
PARTIYA DÊMOKRATA KURDISTANÊ

مەکتەبی سیاسی پارتی، سەرەخۆشی لە سیاسەتمەداری کورد کەمال بورقای دەکات

برای بەڕێز کاک کەمال بورقای

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کاکە مستەفای براتان.

لەم بۆنە خەمناکەدا سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و تەواوی خانەوادەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی برای کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

اناالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان





سەردانی مەولوود چاوشئۆغلۆ دەستپێکی توانەوەی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە

خەبات-ڕێکان سەباح:
دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەمە یەکەم سەردانی بەرپرسانی تورکیایە کە ڕوو لە هەولێر دەکەنەوە، لە دوای ریفراندۆم دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، ساردی پێوە دیار بوو، بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا، بەرپرسانی ئەو وڵاتە جارێکیتر بە سەردانیکردنی هەولێر دەیانەوێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەولێر ئاسایی بکەنەوە، کە پێشتر ساردی تێکەوتبوو، لەمبارەیەوە، چاوێرانی سیاسی پێیانوایە سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەولێر دەستپێشخەرییەکی نوێی ئەردۆغانە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا لە بەغدا چی گوت؟

درەنگانی شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، وەزیری دەرەوەی تورکیا بە سەردانێک گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق و بۆ بەیانییەکەی کاتژمێر 9:00لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراق بۆوە، دوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وەزیری دەرەوەی عێراق، محەممەد حەکیم: گوتی بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادەین لە سنووری عێراقەوە هێرش بکرێتە سەر تورکیا، لە بەرانبەریشدا هاوتا تورکییەکەی لەبارەی هەڕەشەکانی پەکەکەی لە سنووری عێراق بە کێشەیەکی هاوبەش ناساند، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکان سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، بابەتە سەرەکییەکەی جێگرەوەی نەوتی ئێران بووە، نەک بابەتی پەکەکە، لەمبارەیەوە بەپێی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی نێوان هەردوو وەزیری دەرەوەی (تورکیا و عێراق) باس لە پرسی ئابووری و وزە کراوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا ڕایگەیاند: دڵخۆشە بە ئاساییبوونەوەی دۆخی عێراق. گوتیشی: کار بۆ هەڵگرتنی ئاستەنگە ئابووریەکان دەکەین و کردنەوەی دەروازەیەکی سنووریی نوێ گرنگە بۆ پەرەپێدانی بازرگانی نێوانمان، چونکە تورکیا ڕۆڵێکی گەورەی لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا دەبێت. هەروەها بە هاوبەشی لەسەر پرسی ئاو کار دەکەین. عێراق کێشەی ئاوی نەماوە، بەڵام کێشەی لافاوی هەیە، تورکیا ئەزموونی خۆی لەسەر پرسی ئاو پێشکەشی عێراق دەکات.

نیازی ڕاستەقینەی سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ بەغدا

ئەگەرچی هیچ ئاماژەیەکی ڕاشکاوانە بە ئەوڵەویەتی سەردانەکەی نەکرد بۆ بەغدا، بەڵام چاودێرانی سیاسی و میدیاکان باس لەوە دەکەن کە تورکیا بەدوای جێگرەوەی نەوتی ئێراندا دەگەڕێت و نزیکترین جێگرەوەش بۆ تورکیا، عێراقە، چونکە تورکیا نایەوێت چیتر کێشەکانی لەگەڵ ئەمەریکا زیاتر و دۆخی ئابووری وڵاتەکەی خراپتر ببێت، بەتایبەتی بۆ ئەردۆغانی سەرۆککۆماری تورکیا، چونکە ماوەیەکی تر هەڵبژاردنەکانی پێشە، نایەوێت بە کێشەیەکی گەورەتر ڕوو لە هەڵبژاردن بکاتەوە، بۆیە ئیستا تورکیا دەیەوێت پێش ئەوەی ئەمەریکا گوشار بۆ سەر تورکیا دروستبکات لەمەڕ کرپنی نەوت لە ئێران، جێگرەوەیەک بۆ نەوتی ئێران دابینبکات.

مەولوود چاوشئۆغلۆ بۆ سێ خاڵ سەردانی هەرێم دەکات

دوای ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە ساردی تێکەوت، بەهۆی ئەنجامدانی ریفراندۆم بەرپرسانی تورکیا جگە لە هەڕەشەکردن، هاوشان بوون لەگەڵ وەزیرانی دەرەوەی عێراق و ئێران بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەمەش وایکرد گرژی لەنێوان ئەنقەرە و هەولێر زیاتر بکات، بەڵام تورکیا دوای هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە تورکیا هاوسەنگی سیاسی ناوخۆیی لە تورکیا لەرزی و هاوکێشەکانی هەندێک گۆڕانکاریان بەسەرداهات، ئەمەش وایکرد پارتی دەسەڵاتداری تورکیا هەنگاوی تر بنێت، سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەسەر بنەمای ئەو دەستپێشخەرییەی تورکیایە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، بۆیە سەردانەکەی مولوود چاوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا لە چوارچێوەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکە دێت، هەروەها وەزیری دەرەوەی تورکیا دەیەوێت لەگەڵ بەرپرسانی بااڵی هەرێمی کوردستان، پرسی هەناردەکردنی نەوت لە عێراق تاوتوێ بکات کە مەبەستی سەردانەکەی بوو بۆ بەغدا، دەیەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش ڕێکبکەوێت بۆ هەناردەی ئەو نەوتەی کە وەک جێگرەوە نەوتی ئێران لە عێراقەوە دەکڕێت، هەروەها چاودێرانی سیاسی پێشبینیانوایە، سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا پەیوەندیشی هەیە بە ڕەوشی ناوخۆی تورکیا و زەمینەسازکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی و پرسی کورد لە تورکیا جارێکیتر تورکیا و پارتی دەسەڵاتداری تورکیا دیانەوێت لەگەڵ هەولێر ئەم زەمینەسازییە دروستبکەنەوە.

مەولوود چاوشئۆغلۆ و چوونی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

دوێنێ دووشەممە وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی ناو بازاڕی شاری هەولێری کرد، دواتر لە بازاڕی هەولێرەوە بەڕەو بارەگای ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەڕێکەوت بۆ دیدار لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و کاندیدی سەرۆکی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان، ئەوەش وەکو یەکەم دیداری سەردانەکەی بۆ هەولێر دەستپێدکرد، دیداری لەگەڵ ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان، گفتوگۆی نێوانیان لە چوارچێوەی پەیوەندی داهاتووی هەرێمی کوردستان و تورکیاوە دێت، دواتریش لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی کوردستان کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی سیاسی و چەند پرسێکی دیکەی کوردستان و ناوچەکە.
شایانی گوتنە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا دوای ئەوە هات کە جێگری سەرۆککۆماری ئەمەریکا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی کوردستان، تاوتوێی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کرا و جەخت لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا کرایەوە.

هۆشیار سیوەیلی پێشوازی لە یەکەم کۆنسوڵی فەخری دەستنیشانکراوی کۆماری قوبرسی بەشی یۆنان لە هەرێمی کوردستان دەکات



هۆشیار سیوەیلی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێش نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە پێشوازی لە دکتۆر ئیبراهیم کونسوڵی دەستنیشانکراوی فەخری وڵاتی قبرسی یۆنان کرد.
سەرەتا سیوەیلی پیرۆزبایی لە دکتۆر ئیبراهیم کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، بەڕێز سیوەیلی باسی لە گرنگی بەهێز بوونی پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەلانی جیهان کرد کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی بنیاد دەنرێن و دەبێتە سەرەتایەکی باش بۆ بووژاندنەوەی ئابووری و پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی و کولتووری.
بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بڕیاری وەزارەتی دەرەوەی کۆماری قوبرسی یونانی بەرز نرخاند و ڕایگەیاند کە بە کردنەوەی کونسوڵخانەی فەخری ئەو وڵاتە سەرەتایەکی نوێ دەستپێدەکات بۆ گەشەسەندن پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە و هەرێمی کوردستان، هەروەها سیاسی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدرالی کرد کە ڕەزامەندی لە کردنەوەی کۆنسوڵی فەخری قوبرسی نیشاندا‌وەو ئومێدیشی خواست کە لە ماوەیەکی نزیکدا ئاستی نوێنەرایەتی ئەو وڵاتە بەرز بکرێتەوە و سوودی بۆ تەواوی عێراق هەبێت.
لە میانی ئەو دیدارەدا سیوەیلی هیوای خواست کە دکتۆر ئیبراهیم لە ئەرکەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێت و هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیشی بۆ بەرپێزیان خستەڕوو. لەدرێژەی ئەو دیدارەدا سیوەیلی هیوای خواست کە کۆنسوڵی فەخری بتوانێت هەماهەنگی بکات لە فراوانکردنی و ئالوگۆڕی شاند لە نێوان هەردوولادا بەردەوام بێت و گەشە بکات. هەروەها سوپاسی هەموو گەل و حکومەتی قوبرسی کرد لەو پشتگیری و هاوکارییەکانی بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە ساتی شەڕی داعشدا کە مەترسییەکی یەکجار گەورەبوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان و جیهان.
بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی داوای کرد کە هانی پارت و کەسایەتی سیاسی و دامەزراوەکانی کۆماری قوبرسی بەشی یۆنانی بدرێت کە پشتیوانیەکانیان بۆ هەرێم فراوان بکەن و لە کوردستان بە وەبەرهێنان بینە بەشێک لە بنیانان و بەرەو پێشەوەچوونی کوردستان و عێراق. بەڕێز دکتور ئیبراهیم ڕایگەیاند کە کۆماری قوبرس ئامادەیی خۆی پێشان داوە کە لە هاوکاری و پشتیوانیکردنی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت، کردنەوەی کۆنسوڵخانەی فەخری هەنگاوی سەرەتایە بۆ چوونە قۆناغێکی نوێ پەیوندیی گەشەسەندوو لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدرالی دا.

ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان: هیچ سوپایەکی جیهان ناتوانێت بەرزاییەکانی حەمرین کۆنترۆڵبکات



ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایدەگەیەنێت کە هیچ سوپایەکی جیهان ناتوانێت بەرزاییەکانی حەمرین کۆنترۆڵ بکات و ئەوەی ئێستا هەیە شەڕی هەواڵگرییە لە دژی داعش، دەشڵێت: داعش توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە عێراقییەکانی نەماوە.
عەمید یەحیا ڕەسوڵ، گوتەبێژی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق بە ڕادیۆی ڕاگەیاندووە: داعش لە چیای حەمرین و ناوچە بیابانەکان جموجۆڵی هەیە، هێزە عێراقییەکانیش لە ڕێگەی دابەزینی ئاسمانییەوە ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعشیان لەنێو بردووە و ئەو چەکدارانەشی کە ماون، گەمارۆدراون. عەمید یەحیا ڕەسوڵ گوتیشیەتی: هیچ سوپایەکی جیهان ناتوانێت بەرزاییەکانی حەمرین کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ناوە ناوە بە هاوکاری هێزی ئاسمانی و چەکی قورس ئۆپەراسیۆن لە دژیان دەکەین، ئەوەی ئێستا هەیە شەڕی هەواڵگرییە.
دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 جارێکی دیکە چەکدارانی داعش دەستیان بە جموجۆڵکردەوە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەهۆی ئەوەی هێزە عێراقییەکان بەبێ هێزی پێشمەرگە توانای پاراستنی ئەو ناوچانەیان نییە و لە ئێستاشدا داعش لە سنووری مەخموور و ناوچەکانی دیکەی کەرکووک و بەرزاییەکانی حەمرین، بە ئاشکرا چالاکی چەکداری ئەنجام دەدەن و هێزە عێراقییەکانیش ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە.

عادل عەبدولمەهدی
سەردانی ئەوروپا دەکات



سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی سێ وڵاتی ئەوروپی دەکات و نووسینگەکەی ڕوونکردنەوە دەدات.
نووسینگەی عادل عەبدولمەهدیی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاندووە، عەبدولمەهدی سەردانی هۆڵەندا، ئەڵمانیا و دواتریش فەرەنسا دەکات.
هەروەک نووسینگەکەی ڕایگەیاندووە، عادل عەبدولمەهدی ئەمڕۆ سێ شەممە 2019/4/30 سەردانی هۆڵەندا دەکات و دواتریش دەچێتە دوو وڵاتەکەی دیکە.





مۆنیۆمێنتی (وەفایەک بۆ ئەیلوول) لە باڵەکایەتی کرایەوە

دوێنێ دووشەممە 2019/4/29 لە ڕێوڕسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی، پێشمەرگە و میوانان، مۆنیۆمێنتی "وەفایەک بۆ ئەیلوول" کە لەلایەن ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلوول دروست کراوە، لە پردی ناوکێڵان، لە دەڤەری باڵەکایەتی لە سنووری پارێزگای هەولێر کرایەوە.



مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئاھەنگێکی میوزیکی بۆ نوێنەران و دیپلۆماتکارانی وڵاتان ڕێکخست

بە ئامانجی ئاشناکردنی کولتووری کوردستان بە دەرەوە و بەتایبەتی نوێنەران و دیپلۆماتکارانی وڵاتان کە لە هەرێمی کوردستانن مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و تیپی ئۆکستڕای کوردستان ئێوارە ئاھەنگێکی میوزیکی کلاسیکیان ڕێکخست و میوانداری سەرجەم دیپلۆماتکاران و نوێنەرانی وڵاتانی بیانیان کرد. ئامانج لە ڕێکخستنی ئەو ئاھەنگەش ئاشناکردنی کولتووری کورد بوو بە دەرەوەی کوردستان و بە تایبەتی ئەو دیپلۆمات و کەسایەتییە سیاسییانەی لە کوردستانن بۆ ئەوەی شارەزای میوزیک و میژووەکەی و فەرهەنگی کوردی بن. ئاھەنگەکە لەلایەن مامۆستا سەید ئەحمەد، ڕواندزی سەرپەرشتی دەکرا کە دەیان لاوی بەهرەمەندی میوزیکژەن بەشداریان تێدا کرد، هەروەها هونەرمەند فەرهەنگ غەفوور گۆرانییەکی کوردی پێشکەشکرد.

سعودیە و ئیمارات پشتگیریی بەحرێن لە دژی عێراق دەکەن



هەردوو وڵاتی شانشینی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو لە دژی عێراق، پشتگیریی شانشینی بەحرێن دەکەن. دوێنێ دووشەممە 2019/4/29 وەزارەتی دەرەوەی سعودیە لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر ڕایگەیاندووە، سعودیە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی بەحرین و هەموو ئەو شتانەی دەست بۆ سەروەری، ئاسایش و سەقامگیریی ئەو وڵاتە دەبەن، ڕەتدەکاتەوە. پێشتریش وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانیی خۆی لەبارەی هەڵوێستی "هاتوو لە عێراقەوە "لەبارەی بەحرێن، دەربڕی بوو. وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات داوای لە عێراق کردبوو پابەندی بنەماکانی پاراستنی سەروەریی بەحرێن بێت و دەستوەرنەداتە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە.

پێشتر موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر لە عێراق بەڵگەنامەیەکی 10 خاڵی بڵاو کردبووەوە، کە تێیدا داوای ڕاگرتنی شەڕی لە یەمەن، سووریا و بەحرێن کردبوو، جگە لە داواکردنی لە دەسەڵات هاتنەخوارەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە. بەشێک لە هاووڵاتییانی بەحرێن شیعەمەزهەبن و بەردەوام لایەنگریی ئێران و میلیشیا شیعەکانی عێراق دەکەن و حکوومەتی وڵاتەکەشیان بە تیرۆر و مەترسی دروستکردن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکەیان، تۆمەتباریان دەکات. لە بەرامبەر 10 خاڵەکەی موقتەدا سەدر، کە داوای کردبوو دەسەڵاتدارانی بەحرێن واز لە دەسەڵات بهێنن و وڵاتەکەیان بخەنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەبردنی، وەزیری دەرەوەی بەحرێن هێرشی کردبووە سەر عێراق و خالید بن ئەحمەد ئال خەلیفە ڕایگەیاندبوو، "خوا هاوکاریی عێراق بکات، کە لەلایەن گەمژەکانی ئەو بەڕێوە دەبرێ و کەوتووەتە ژێر حوکمڕانیی ئێران ."



سەرۆکوەزیرانی سکۆتلەندا: سیستەمی پەرلەمانیی بەریتانیا پەکی کەوتووە

پێویستە خەڵک کۆبکەینەوە تا پشتیوانی لە سەربەخۆیی بکەن

نیکۆلا ستێرگن، سەرۆکوەزیران و ڕابەری حیزبی نیشتیمانی سکۆتلەندا ئاماژەی بەوەدا سیستمی پەرلەمانیی بەریتانیا پەکی کەوتووە و ئەوەش وادەکات سکۆتلەندا بڕیارێک بدات سەبارەت بە داهاتووی خۆی.

بەگوێرەی هەواڵێکی دەنگی ئەمەریکا، نیکۆلا ستێرگن لە کۆنگرەی بەهاری تایبەتی حزبەکەیدا گوتوویەتی "ئەم سێ ساڵەی دوایی بێگومان بۆ سکۆتلەندای دەرخستووە کە سیستەمی وێستمینستەر (پەرلەمانی بریتانیا) پەکی کەوتووە. هەروەها ئەوەشی گوتووە: ئێستا ئەرکی ئێمە ئەوەیە خەڵک کۆبکەینەوە پشتیوانی لە سەربەخۆیی بکەن، متمانەتان بەوە هەبێت کە هیچ حکومەتێکی وێستمنستەر ناتوانێت لەبەردەم مافی سکۆتلەندادا بۆ هەڵبژاردن بوەستێت.



دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆی هێڵین پیرۆز دەکات

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕادیۆی (هێڵین)ـدا، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە. ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێزان بەڕێوەبەر و ستافی بەڕێوەبردن و سەجەم کارمەندانی ڕادیۆی هێڵین..

لە 6ەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ڕادیۆی هێڵین) گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز و بیسەرانتان دەکەین، هیوادارین لە کار و چالاکی و بەرنامەکانتان بەردەوام بن و خزمەتی زیاتر و بەرچاوتر بە بواری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بکەن.

لەو بۆنەیەدا پالپشتی و پشتیوانیی تەواوی خۆمان بۆ ڕادیۆی هێڵین دووپات دەکەینەوە و بە هیوای ئەوەی لە گشت ڕوویەکەوە بەردەو پێش بچن و شانبەشانی کەنالەکانی دیکەی میدیایی ڕۆژی ئیجابیانەی خۆتان ببینن، هەروەها لەو دەرفەتەدا پیرۆزبایی و دەستخۆشیش لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەکەین بۆ هەوڵ و کۆششی بێتوچانیان بۆ خزمەتگەیاندن بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە گشتی و تۆێژی ئافرەتان بە تایبەتی و دەستکەوتەکانیان بە تایبەتی لە بواری میدیا و ڕاگەیاندندا، کە ڕادیۆی هێڵین یەکێکە لەو دەستکەوتانە.

جارێکی دیکە پیرۆزبایینیان لێ دەکەین و هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/29

بە مەبەستی گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی ئاشتیدا

لە کابولی پایتەختی ئەفغانستان کۆبوونەوەی "ڕاوێژی ئاشتی" دەستپێکرد



دوێنێ دووشەممە لە کابول پایتەختی ئەفغانستان کۆبوونەوەی "ڕاوێژی ئاشتی" کە بە مەبەستی گەڕان بەدوای ڕێگەچارەی ئاشتیدا بە ڕێوەدەچێت و سێ ڕۆژ دەخایەنێت، دەستپێکرد. بەگوێرەی زانیاری میدیاکانیش لەسەرتاسەری ئەفغانستان 3000 کەس لە کۆبوونەوەکەدا بەشداریان کردووە و سەرکۆماری ئەفغانستان، ئەشرەف غەنی لە دەستپێکدا وتارێکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاند، ئەم کۆبوونەوەیان بۆ وەرگرتنی بۆچوونی گەل لەبارەی ئاشتی لەگەڵ تاڵیبان سازداوە. غەنی ڕاشیگەیاند، ئەو جەنگەی لە وڵاتەکەیان بەردەوامە شەرعییەتی نییە و گوتی: "ئێمە ئامادەین هاوکاریی تاڵیبان بکەین بۆ ڕزگاربوونی لەژێردەستەیی وڵاتانی تر". ناوبراو ڕاشیگەیاند کە ئاشتییەکی هەمیشەیی دەوێت نەک کاتی و جەختیکردەوە، دەبێت لە سایەی ئاشتیدا وبەرهێنان لە وڵاتدا بکرێت و ئەفغانستان لەو دۆخە ڕزگاربکرێت کە تێی کەوتووە.

زۆرینەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەفغانستان، سەربازی ئەوەی کە بانگهێشتیش کرابوون، بەشداریان لە کۆبوونەوەی ڕاوێژی ئاشتیدا نەکرد. سەرکردەی هەزارە، محەمەد موحەقیق ڕایگەیاند، لەبەرئەوەی کۆبوونەوەکە گۆڕاوە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرکۆمار ئەشرەف غەنی، بڕیاریداوە بەشداری نەکات. سەرکۆماری پێشووی ئەفغانستان، حامید کارزای-یش ڕایگەیاند، کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە سوودی نابێت و پێویستە بەرلە هەموو شتێک دانوستانی ئاشتی دەست پێ بکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی تاڵیبان نووسراوێکی بڵاوکردەوە و داوای لە خەڵکی کرد بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا نەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە زاڵمای خەلیلزاد، نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، لەبارەی دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبانداڕایگەیاند، دانوستانەکان بەسستی بەڕێوەدەچێت، بەو پێیەی تا ئێستا هیچ پێشڤەچوونێکی بەرچاو لەو دانوستانانەدا بەدی نەهاتووە. زاڵمای خەلیلزاد باسی لەوەش کرد، بەدیهێنانی ئاشتی لەگەڵ تاڵیباندا، مانای کۆتایی هاتنی جەنگ نییە لە ئەفغانستان و گوتی، ئەمەریکا بە دوای ڕێگەی کشانەوەدا ناگەڕێت لە ئەفغانستان، بەڵکو هەوڵ دەدات ئاشتی لەو وڵاتەدا بەدیبێت. خەلیلزاد ئاماژەی بەوەشدا، ئەگەری هەیە لە ماوەیەکی نزیکدا، حکوومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تاڵیبان بگەن بە ڕێککەوتنی ئاشتی.



ئێران لەبەردەم سێ سیناریۆی چاوەڕوانکراودا

شەڕی میدیایی ئێران و ئەمەریکا گەرموگوڕتر دەبێت

خەبات-زانکۆ محەمەد:

دوای ئەوەی کە سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند، مۆڵەتی دیاریکراوی پێشووی (شەش مانگە) بە وڵاتان بۆ مامەڵە لەگەڵ ئێران و کڕینی نەوتی ئەم وڵاتە درێژناکاتەوە. هەر وڵاتێک سەرپێچی لەم بڕیارە بکات بە تۆندی سزا دەدرێت. گۆڕەپانی سیاسی ئێران شڵەژاو بارودۆخی ئابووری دانیشتوانیش بەرەو خراپی زیاتر دەچێت. لەلایەکی دیکە لەبەرانبەر لێدوانێکی محەمەد جەواد زەریفدا، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی، وەک کاردانەوەی بەرامبەر بە گوتەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران، گوتی، ئەم گوتانە، گاڵتەجارِی، پڕوپاگەندەو درۆن.



کاردانەوەکانی ئێران

بەڕێرسانی ئێران، وەک یەکەم کاردانەوەکان بەرامبەر بەم بڕیارە ڕایانگەیاند، کە تاران بێ وەڵام نابێت و بە زووترین کات هەڵوێستە و کاردانەوەی دەبێت. پرسیارە لێرەدایە، کاردانەوە و جۆری دژکردەوەی ئێرانیەکان دەتوانێ چی بێت؟ ئەوەی بە فەرمی لە سەر زاری بەڕێرسانی ئێرانی و فەرماندەکانی سوپای پاسداران هاتۆتە دەر، ئەم بژاردانە لە خۆ دەگرێت: داخستنی گەڕووی هورمز، بەربەستکردنی ڕێگای هاتوچووی کانتینێرەکانی نەوت، دروستکردنی ڕێگر لە ڕێڕەوی باب المندب لە دەریای سوور، کردنەوەی ئامانجی هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە سووریا و عێراق، یان کردنەوە ئامانجی هاوپەیمانانی ئەمەریکا وەک سعودیە، ئیسرائیل و ئیمارات و بەرژەوەندییەکانیان.

هەڕەشەکانی ئەمەریکا

بەرانبەر بەم هەڕەشانە، ئەمەریکا بنکە سەربازیەکانی خۆی لە کەنداو، عێراق، دەریای مەدیتەرانە و دەریای سور بەهێزتر کردۆتەوە. ئەمەش مانای وایە کە ئەمەریکا بەراوردی هێرشی چاوەڕوانکراوی ئێرانیەکانی کردووە، یان تەنانەت پێدەچێ بە ڕێگەی گروپە میلیشایەکانی ژێر هەژمونی خۆی بیهەوێ ئامانجەکانی ئەمەریکا پەلامار بدات و بەم پێیە شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێبکات. لەگەڵ ئەوەی کە کۆدەنگی و هاوڕاییەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران بوونی نییە، بەڵام گومان لە کاریگەری و شوێندانەبوونی ئەم گەمارۆیانەدا نییە. بەم هۆیەوە بەشێک لە بانکەکانی ئێرانی و کەرتی نەوتی ئێران، بە تەواوی لە ژێر گەمارۆ و گوشاری پرووکێنەری ئەمەریکادان، هەروەها گوشارێکی هاوشێوەش بۆ سەر ناوەندە بازرگانی و دارایی‌یەکانی وڵاتانی جیهان دروست بووە، کە پەیوەندی بازرگانیان بە ئێرانەوە هەیە.

شڵەژاندنی ئابووریی وڵات

بە پلەی یەکەم، ئەم گەمارۆیانە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێرانیان شڵەژاندووە. کۆمەڵگە تا دێ لە ژێر قورسایی گوشارەکان پشتی دەشکێ و هاوکات پەرەی بە ناڕەزایی‌یەکان داوە. هەروەک چۆن لە ماوەی ڕابردوودا شەپۆلێکی گەورەی خۆپیشاندان لە لایەن ئێرانیەکانەوە بۆ سەر ڕژێمەکەی دروست بووە. بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و پێداویستی ڕۆژانە لە بازارەکان، دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی، کەم بوونەوەی توانای کڕینی دراو و هتد بەشێکن لە دەرهاویشتەکانی ئەم گوشارانە. ڕێژەی هەڵئاوسان 10% زیادی کردووە. ڕێژەی بێکاری 12% هەڵکشاوە. نرخی شتومەک لە بەرزبوونەوەدایە و بە پێچەوانەوە ئاستی ژیانی خەڵک تا دێ دادەبەزێت. وەبەرهێنانی کۆمپانیا ودامەزراوە بیانیەکان تا دێ کەمتر دەبێتەوە.

سیناریۆکان

لەم دۆخەدا سێ سیناریۆ بۆ داهاتووی کێشمەکێش و ململانێکانی ئەمەریکا و ئێران، پێشبینی دەکرێت:

یەکەم: دەرچوونی ئێران لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و گەڕانەوەی بۆ پرۆسەی پێتاندنی یۆرانیۆم. ئەم بژاردەیە وا دەکات کە وڵاتانی لایەن لە ڕێککەوتنەکە پشت لە ئێران بکەن و لە دژی بوەستنەوە.

دووەم: بەرەکەوتنی ڕاستەخۆی سەربازی. ئەم سیناریۆیە کاتێک بەهێزترە کە ئێران بیهەوێ گەرووی هورمز دابخات و قەیرانێکی نەوتی لە جیهان دروست ببێت، یان ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پەلاماری ئامانجە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە کەنداو و عێراق و سووریا بدات.

سێیەم سیناریۆ دانوستان و دواتر ڕێککەوتن. پێدەچێ بە هۆی گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، وەک ئەوەی سەبارەت بە کۆریای باکور ڕوویدا، ئێران چیدیکە نەتوانێ بەرگە بگرێت و لە ئەنجامدا ڕەوتێکی دانوستان و دواتر ڕێککەوتن دەستپێبکەن. ئەوەی بە لای تەرەمپەوە گرنگە ڕێککەوتنێکی باش، باش بەو مانایە کە تای تەرازووی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا قورسایی بکات.

وەڵامدانەوەی زەریف

ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی، وەک کاردانەوەی بەرامبەر بە گوتەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران، گوتی، ئەم گوتانە، گاڵتەجارِی، پڕوپاگەندەو درۆن. جۆن بۆڵتۆن ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کۆشکی سپی، لە دیدارێکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ فۆکس نیوز ڕایگەیاند، لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران بە تەواوی گاڵتەجارِیە، بە تەواوی مانا پڕوپاگەندە بوو. ئەم گوتانەی بۆڵتون، دوای ئەوە دێ کە جەوادی زەریف، بۆڵتۆنی بەوە تۆمەتبار کرد کە دەیهەوێ هانی دۆناڵد ترەمپ بدات تاکو هێرش بکاتە سەر ئێران. بۆڵتۆن دەڵێت، گوشاری لەرادەبەدەر بۆ سەر ئێران بە ئامانجی گۆڕینی ڕەفتاری ئێرانە، ئەوەی ئێرانیەکانی نیگەران کردووە کارایی ئەم سیاسەتەیە کە واشنتۆن بەرامبەر ئێران ڕەچاوی کردووە. ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا گوتی، سەرانی ئێران هەرکات ئامادە بن، سەرۆک ترەمپ ئامادەی گفتوگۆیە.

ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ

فەرماندەیەکی باڵای سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند، لە ئێستادا ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا یەکسانە لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدان. هەر بۆیە هەر جۆرە گفتوگۆیەک لەگەڵ واشنتۆن ڕەتدەکەینەوە. قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران لە میانی گوتارێک لە کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەکانی ئەم وڵاتە، وتڕای ئامانژەدان بە زیانە داراییەکانی گەمارۆکانی ئەمەریکا، گوتی "دوژمن دەیەوێ بە ڕێگەی گوشاری ئابووری ناچارمان بکات مل بە وتووێژ بدەین، بەڵام خەڵکی ئێمە لەوە ئاگاترە کە فریوی ئەم دۆخە بخوات و بیەوێ ڕەزیل بێت ."ئەم گوتانەی قاسم سولەیمانی، دوای ئەوە دێ کە جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ فۆکس نیوز، باسی گۆڕینەوەی زیندانیانی ئێرانی و ئەمەریکی خستۆتە بەرباس.



نیویۆرک تایمز:

سزاکانی ترەمپ بۆ سەر ئێران ئەمەریکا ڕاپێچی جەنگ دەکات

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لە بابەتێکیدا لەژێر ناوی "ترەمپ دەیەوێت سزای زیاتر بەسەر ئێراندا بسەپێنێت. ئەوەیش ئێمە ڕاپیچی جەنگ دەکات" باسی لەوە سزایانە کردووە کە بەسەر ئێراندا دەسەپێندرێن لەگەڵ ئەگەری کاریگەرییەکانی. لە گوتارەکەدا باس لەوە کراوە کە سااڵنی ڕابردوو سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بۆ بڕینی ئەو سندوقەی بۆ حزبوڵاڵای لوبنان دەچوو سزای خستە سەر نەوتی ئێران و وڵاتانی کڕیاری نەوتی ئێرانی وەک چین، هیندستان، تورکیا، کۆریای باشوور و ژاپۆنی بەخشی لەو سزایانە، بە هۆی بێدەنگی حکوومەتی تاران بەرامبەر ئەو سزایانە، ترەمپ هێزی پەیدا کرد و ئێستاش گوشار لەو وڵاتانە دەکات بۆ ڕاگرتنی کڕینی نەوت لە ئێران.

لە گوتارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە حکوومەتەکەی ترەمپ لە پێناو ئیسرائیل و هاوپەیمانانی دەیەوێت ئێران سزا بدات بە هۆی چاالکییەکانی لە ناوچەکە و هاتووە "حکوومەتی ئەمەریکا هەوڵ دەدات تاران لەبارەی چاالکی ئەتۆمی زۆر زیاتر کۆنترۆڵ بکات بەراورد بە حکوومەتەکەی سەرۆکی پێشوو، باراک ئۆباما کە بە دانوستان کۆنترۆڵی کردبوو".

هەروەها لە گوتارەکەدا باس لەوە کراوە کە سزاکانی سەر ئێران زیادی کردووە و ئەوەیش گەیشتووەتە ڕەهەندێکی مەترسیدار بۆ ئەمەریکا و هاتووە "ئەوە سزاگەلێکی تێکدەرانەیە کە ڕەنگە ئێران ناچار بکات دووبارە بەڕێژەیەکی زۆر یۆرانیۆم بپێتێنێت و وەاڵمی ئەمەریکا بداتەوە و ببێتە هۆی هێرش بۆسەر ئەمەریکییەکان، هەروەها ڕەنگە ئەمەریکا پەلکێشی جەنگێک لە خۆرهەاڵتی ناوەڕاست بکات وەک ئەوەی سەرۆک ترەمپ باسی دەکات کە هەوڵ بۆ بەرگرتنی دەدات".



قاسم سولەیمانی:

دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا بەواتای ملکەچبوون دێت

فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی ڕایگەیاند کە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا، بۆ وڵاتەکەی بەواتای "ملکەچبوون" دێت. ئاژانسی هەواڵیی ISNA باڵاویکردەوە، قاسم سولەیمانی لە میانی 32یەمین کۆنفرانسی بەڕێرس و فەرماندەکانی هێزە ئەمنییەکان دا کە لە تاران بەڕێوەچوو، لەبارەی دانوستانی ئێران و ئەمەریکا کە بەم دواییە زۆر باس دەکرێت ڕایگەیاندووە "گەلەکەمان باوەڕی بەوەیە کە ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ئەمەریکا لەم هەلومەرجەدا، بەواتای ملکەچبوون دێت. بەهیچ جۆرێک سەر بۆ ستەمێکی لەم جۆرە دانانەوێنین". قاسم سولەیمانی ڕاشیگەیاندووە، دوژمنان دەیانەوێت بەفشاری ئابووری ئێران پەلکێشی سەر مێزی گفتوگۆ بکەن و گوتویەتی "دوژمنان ئامانجیانە بە کێشەی ئەمنی و قەیرانی ئابووری، گورزێک لە وڵاتەکەمان بدەن. بۆ ئەمەش هەموو توانایان بەکاردەهێنن".

ئەمەریکا بەنیازە مووشەکی ئەتۆمیی نوێ لە ئەورووپا جێگیربکات

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا: ئەمەریکا بەمەبەست مەترسیی پێکدادانی ئەتۆمی زیاد دەکات



جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێرگی ڕیابکۆڤ ڕایگەیاند، ئەمەریکا بەمەبەست مەترسییەکانی پێکدادانی ئەتۆمی زیادەدەکات کە دەرئەنجامەکەی کەوتنەوەی کارەساتە. لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە مۆسکۆ ڕیابکۆڤ باسی لە کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی هێزە ئەتۆمییە مەودا ناوەندەکان کرد و گوتی: بژاردەی ئەمەریکا بۆ تێکدانی ڕێککەوتنەکە، لە تەواوی بژاردە بۆچوونەکانی دیکەی قورستر بوو. لەبەرئەوە وادەردەکەوێت 2ی ئاب ڕێککەوتنەکە کۆتایی بێت. ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا کە ئەمەریکا بەنیازە مووشەکی ئەتۆمیی نوێ لە ئەورووپا جێگیربکات و گوتی: ئەمەریکا بەمەبەست مەترسییەکانی پێکدادانی ئەتۆمی زیادەدەکات کە دەرئەنجامەکەی کەوتنەوەی کارەساتە. ڕیابکۆڤ ڕاشیگەیاند، تا ئەو کاتەی ئەمەریکا لە ئەورووپا مووشەکی مەودا ناوەند جێگیر نەکات، وڵاتەکەی ئەو کارە ئەنجام نادات.



فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا: چیتر ڕێگە نادەین هەڕەشەکانی ئێران بەردەوامبێت

تا سووریا سەقامگیری تەواوی نەبێت ئەمەریکا ئەو وڵاتە جێناهێڵێت

خەبات- مەریوان نەقشبەندی:

کینس ماکینزی، فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە عێراق و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دەبن و پارێزگاری لە هەموو هاوپەیمانە ستراتیژییەکانیشیان دەکەن و ئامادەین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی ئێران.

ژەنەراڵ کینس ماکینزی فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا لە دیمانەیەکی کەناڵی سکای نیوز تەئکیدی کردەوە کە ئێران هەڕەشەکی درێژخایەن بووە لەسەر ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە و چیتر ڕێگە نادەین لەم هەڕەشەیە بەردەوام بێت.

هەروەها گوتی: ئێمە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە عێراق و ناوچەکە دەمێنینەوە و ئامادەین بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر سەرکێشیەکی ئێران لە ناوچەکەدا، سەبارەت بە سووریاش ماکینزی گوتی: ئێمە هێشتا وەک هاوپەیمان و بەشێک لە ناتۆ سەیری تورکیا دەکەین و لە هەمان کاتیشدا بە مەسئولیەتەوە مامەڵە لەگەڵ هاوپەیمانە کوردەکانمان لە سووریا دەکەین و دەزانین ئەوان چەند ئازایانە تیرۆریستانی داعشیان بەزاند، بۆیە کشانەوەمان لە سووریا بە قۆناغ دەبێت و هەتا دڵنیا نەبین لە سەقامگیری تەواوی ئەو وڵاتە "ئەوێ بەجێناهێڵین.

سەبارەت بە شێوازی هاوکاریکردنی سعوودیە و هاوپەیمانە عەرەبەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ژەنەراڵ کینس ماکینزی گوتی: ئێمە ڕاستەوخۆ بەشدار نین لەو شەڕەی کە هاوپەیمانە عەرەبییەکان بە سەرکردایەتیی سعوودیە دژی تیرۆریست و گرووپەکانی سەر بە ئێران دەیکات. بەاڵم بەشێوەی چەک و تەقەمەنی هاوکاریان دەکەین هەروەک چۆن هاوکاری عێراقییەکانیش دەکەین تا بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێی.

پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا وەزیرێ پلان دنانا ئیراقێ و شاندێ دگەلدا کر



دوهێ سپێدێ 2019/4/29 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا بەرێ دکتور سەباح نوری دلێمی، وەزیرێ پلان دانانێ یا ئیراقا فیدرال و شاندێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێ دا ب ئاماددبونا هەردوو جێگرێن پارێزگەرێ دهۆکێ و هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی، پارێزگەرێ دهۆکێ کورتیەک دا سەر سەروبەرێ پارێزگەها دهۆکێ و هژمارا خەلکێ پارێزگەهێ و قایمقامی و ناحیێن سنورێ پارێزگەهێ و دیار کر کو پارێزگەها دهۆکێ ب هەمی قەزایێن خوڤە زێدەترە ژ ئێک ملیون و پێنج سەد هزار کەسان زێدەباری ڤە حەواندنا نێزیکی ملیونەک ئاوارێن دەڤەرێن میسل و شنگارێ و پەنابەرێن سوری کو هەمی پێکڤە ل 21کەمپا هاتینە ئاکنجیکرن و دیار کر کو ل پارێزگەها دهۆکێ 6 زانکو هەنە 3ژوان حکومی نە و 3یێن دی کەرتێ تایبەتن، و دیار کر کو ڤێ هژمارا زور یا ئاوارە و پەنابەرا باگرانیەکا زور ئێخستیە سەر هەمی کەرتێن ژیانێ ل پارێزگەها دهۆکێ، دەربارەی زڤرینا ڤان ئاوارا پارێزگەرێ دهۆکێ دیار کر کو ژبەر نەئارامی یادەڤەرێن وان و ئیرانیا بسەردەڤەرێن واندا داهاتی نەشیێن بزڤرن.

دیڤدا وەزیرێ پلان دنانێ دیار کر کو ئارمانجا هاتنا وی ئەوە ژنێزیک ئاگەهـ ژ ردوشا پارێزگەهێ ببیت و گوت: ئەم دزانین بارەک گران ل سەر ملێن پارێزگەها دهۆکێ یە و مە بەرنامێ سندوقا جڤاکی بو گەشەپێدانێ ب پشتەڤانیا سندوقا درافی یا نیڤ دەولەتی دەست پێکریە و ل هەمی ئیراقێ سێ پارێزگەهـ هاتینە ژێگرتن ئەوژی پارێزگەها موسەنا و تکریت و هەرێما کوردستانێ دهوک هاتیە ژێگرتن ژبەر کو ل دیف پیڤەران دهوک هەژارترین پارێزگەها هەرێما کوردستانێیە و ل بەرنامە بربار بو 10 گوندا هاریکاریێ بو بکەین لێ پشتی سەردانێ مە بربار دا بکەینە 20 گوند و لسەر پێشنیار و پێدڤیا خەلکێ ڤان گوندا دێ پروژا بو بجهێنین،

دیڤدا وەزیرێ پلان دنانێ دکتور سەباح نوری دلێمی گوت: ئەم یێن هاتینە دهۆکێ داکو دیف چونا پروژێ سندوقا جڤاکی بو گەشەپێدانێ کو ب داخازیا وەزارەتا پلان دنانا ئیراقا فیدرال و برازایبونا ئەنجومەنێ وەزیرێن ئیراقا فیدرال و پشتەڤانیا سندوقا نیف دەولەتی هاتیە دانان ئەف سندوقە،کو مەبلەغێ 300 ملیون دولار هاتینە قەرکرن ژ سندوقا نیف دەولەتی کو دپێنج سالا بهێنە بجهێنان و سێ پارێزگەهـ ژ ئیراقێ هاتنە ژێگرتن و دهوک ژ هەرێما کوردستانێ هاتیە ژێگرتن ژبەر کو هەژارترین پارێزگەها هەرێما کوردستانێ یە و بارەکێ گران یێ ئاوارە و پەنابەرا ل سەر ملێن ڤێ پارێزگەهێ یە و ئەف پروژە ل دەستپێکا ڤێ سالێ هاتیە دەست پێکرن و ل دهۆکێ 10 گوند هاتینە ژێگرتن داکو ڤان پروژا لێ بجھ بیێن مە ریژا کێمیا خزمەتگوزاریا و زێدەهیا هەژاریێ ل ڤان گوندا دەست نیشان کریە بو کاری و پشتی مە سەردانا دهەکێ کری بربار هاتە دان کو ڤان گوندا زێدە کەین بکەنیە 20 گوند و بەهفکاری و راویژا خەلکێ ڤان گوندا دێ پروژێن خزمەگوزاری بوهێنە بجهینان.

دیڤدا پارێزگەرێ دهۆکێ و وەزیرێ پلان دانانا ئیراقێ سەردانا ناحیا باتێلێ دا و ب ئاماددبونا قامقامێ سێمێلێ دگەل هژمارەکا کەسایەتیێن دەڤەرا ناحیێ کومبون و گوهداریا پێشنیار و بوچونێن وان کر و بریارە هاتە دان کو جادێن باتێلێ و یاریگەهە تەپا پێی بو بهێنە دورست کرن،

پاشی سەردانا کەمپا خانکێ یا ئاوارێن شنگارێ دا و گەریانەک دنافدا کر و سەحکرە رەوش و سەروبەرێ ئاوارا.



کۆیە.. وەزیری پەروەردە بەشداریی چەندین چالاکیی پەروەردەیی کرد

ڕێکەوتی 2019/4/29ی زایینی لە قەزای کۆیە و دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی و بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە و سەرپەرشتیاران و چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی سەردانی قوتابخانەی باواجی بنەڕەتی تێکەڵاوی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای کۆیەی کرد. لە مەڕاسیمێکدا پەردە لەسەر پەیکەری مامۆستا عەبدولڕەزاق عەبدولقادر عەلی هەڵدرایەوە کەوا یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی باواجی بنەڕەتی تێکەڵاو بووە لەم سنوورە و وەک وەفایەک لەلایەن بەڕێوەبەر و مامۆستایانی ئێستای ئەم قوتابخانەیە دروست کرابوو، دواتر لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەکە چەندین چالاکی و جۆراوجۆر پێشکەش کرا.

لەکۆتاییدا وەزیری پەروەردە سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەی ناوبرا کرد و ڕێزگرتنی مامۆستایانی بە ئەزموونی بە کارێکی گرنگ وسف کرد.

دواتر ناوبراو بەشداری پێشانگەی کارە دەستییەکانی قوتابخانە پەروەردەییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیەی کرد کە لە 6قوتابخانە پێکهاتبوون و تیایدا دەیان کاری دەستی و سیرامیکی گەرم و سارد و دارتاشی و نووسین لەسەر تەختە و کانزا نیشانی ئامادەبووان درابوو.

دکتۆر پشتیوان سادق سەرجەم بەشەکانی پێشانگەی لە نزیکەوە بەسەر کردەوە و لەگەڵ یەکە بە یەکەی مامۆستایانی پیشەیی و قوتابییەکان دوا و تابلۆ و کارە دەستییەکانی تەماشا کردن و هیوای ئەوەی خواست کە هەردەم قوتابیانی کورد ئەم دەستڕەنگینییەیان لەدەست نەدەن و بتوانن بە مێشکی کراوە داهێنان لە حەز و خواستی هونەری خۆیان بکەن. شایەنی باسە زۆرینەیا کارە هونەرییەکان گوزارشت بوون لە فۆلکلۆر و سروشتی کوردستان کە هەر یەک لە بەشەکانی سیرامێکی سارد و گەرم و دارتاشی و گوڵ و نەخشاندنی تەختەی دەستی و کاری دەستی تێیدا بەشدار بوون. دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، وەزیری پەروەردە لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە: ـ ئاخۆ مامۆستای وانەبێژ دادەمەزرێنرێن وەزیری پەروەردە: دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژ پەیوەندی بە بەرنامەی کابینەی نوێی حکومەتەوە هەیە و بەپێی پێویستییەکان و پسپۆڕییان لە قوتابخانەکاندا دادەمەزرێن. پێش چوار ساڵ نزیکەی 4000 مامۆستامان بە گریبەست دامەزراند و پێش لە چەند مانگێک زیاتر لە 300 پلەی سەرپەرشتیاریمان وەرگرت و بە دادپەروەری و لە تاقیکردنەوەدا درایە سەرپەرشتیاران کە پلەیەکی زۆر گرنگە. ئێستاش بابەتی وانەبێژی بەپێی پێویستی و لە چ شوێنک پێویست بێت کاری بۆ دەکرێت، ئێمە وەزارەتی کار نین کە کار ببینەوە، ئێمە حیساب بۆ بەرژەوندی خۆمان دەکەین کە لە کوێ پێویستمان بە وانەبێژ هەبێت، بەپێی پسپۆری بەپێی ساڵی خزمەت و ڕێزبەندی کاری بۆ دەکەین. بێگومان ئێستا وەکو وەزارەتی پەروەردە میلاکێکی زۆرمان هەیە، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی دەستێکی گەورەمان نەخستۆتە نێو ڕێککخستنەوەی میلاکاتەوە.

شەممەی داهاتوو لێژنەی باڵای بینینی مانگ کۆدەبێتەوە

خەبات ـ ڕەسوڵ سالح: نەبەز ئیسماعیل وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە لێدوانێکی بۆ خەبات گوتی: سەبارەت بە دەستنیشانکردنی یەکەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان، بڕیار وایە ڕۆژی شەممەی داهاتوو لێژنەی باڵای بینینی مانگ لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کۆ ببێتەوە، لێژنەکە پشت بە لێژنە فەرعییەکانی بینینی مانگ لە پارێزگاکانی هەرێم دەبەستێ و هەروەها هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ وەقفی سوننی عێراق. گوتیشی: بە هەموو لایەک چاودێری بینینی مانگ دەکەین، لە بارێکدا ئەگەر مانگ بە بەلگەوە بینرا ئەوا ڕۆژی یەکشەمە 5 ئایار دەبێتە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، بەڵام ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک نەتوانرا مانگ ببیندرێ ئەوا ڕۆژی دواتر کە دەکاتە دووشەمە 6ی ئایار یەکەم ڕۆژی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان دەبێت.

بەرپرسێ لقێ 9 سەری ل کەنیسەیا مار سەرکیس ل ئاکرێ دا



خەبات ـ سالح محەمەد تەیرێ: ژبوی پیرۆزباهی کرن ل خویشک و برایێن کریستیان ل ئاکرێ ودەوروبەر و ب هەلکەفتا جەژنا قیامێ سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ9 و شاندەکا یاوەر سەرا کەنیسا مار سەرکیس ل ئاکرێ دان و ژبال جێگرێ مەتران ئەندریوس میخائیل زەیا ب گەرمی هاتنە پێشوازیکرن و دڤان سەردانادا بەرپرسێ لقێ 9 بناڤێ خۆ و لقێ، گەرمترین پیرۆزباهی ئاراستەیی وانا کرن و گۆت ژی: ئەم ئەڤرۆ خۆ ب سەربلند دبینین و دزانین ژی کۆ دڤێ کوردستانا ئازاد دا کو ئەم هەمی ئوول و ئایین و نەتەوە دبن ڕەشمالەکا مەزندا کومکرینە و ب ئازادانە دەربرینێ ئازادیێن خوە یێن نەتەوەیی و نیشتیمانی دکەین و هەردەم کوردستان وەڵاتێ پێکڤەژیانێ بوویە. دیسان گۆت: ڕێبازا پیرۆزا پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانییێ نەمر هەردەم باوەری ب سیستەمێ دیموکراسیەتێ و وەکهەڤیێ و پێکڤە ژیانێ بوویە و بەلگە ژی دزورن، ژ ئالیێ خوڤە ژی جێگرێ مەترانی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ9 و شاندێ یاوەر کر ژبوی بەرهەڤبوونا وان دگەل کەیف وخوشیا وان کو ئەڤە ژی هەستکرنە ب وێ بەرپرسیارەتیا پێکڤە ژیانێ و ب ئومێدین ئەڤ جورە سەردانە دبەردەوام بن.

لە ڕۆژی 1ی ئایار جەژنی جیهانی کرێکاران لە کوردستاندا چەندین چالاکی بەڕێوەدەچێت





بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی:

بۆ ئەمساڵ کۆنفرانسێک و چەندین چالاکیمان بۆ کرێکاران هەیە

کرێکارێک: خۆزگە حکوومەتی هەرێم بەتەواوی ئاوڕی لە کرێکاران دەدایەوە

ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
لە کوردستان و جیهاندا 5/1 ڕۆژی جیهانی کرێکارانە و لە کوردستانیش بەو بۆنەیە چەندین کار و چالاکی لەشاروشارۆچکەکان ئەنجام دەدرێت. لە هەرێمی کوردستان یاسای پاراستنی ماف و ئیمتیازاتەکانی کرێکارانی کەرتی تایبەتە دیارە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەکتیڤ کراوە و نزیکەی 80 هەزار کرێکاری کەرتی تایبەت مەشمول کراون بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی.

دکتۆر عارف حیتۆ بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ خەبات گوتی: بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران پیرۆزبایی گەرم لە سەرجەم کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکەین دیارە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گرنگە لە مێژوو و ژیانی کرێکاراندا و هەموو جیهان گرنگی بەو ڕۆژە دەدەن لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژی کرێکارانی کەرتی تایبەتە بۆیە هەر وڵاتێک ئەگەر نیازی وابێ کەرتی تایبەت ببووژێنێتەوە و بەرەو پێشەوەی ببات پێویستە گرنکی بە کرێکارانی خۆی بدات و ئێمە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسای 39ی ساڵی 1971 و یاسای 4ی ساڵی 2012ی هەموار کراو، کە یاسای پاراستنی ماف و ئیمتیازاتەکانی کرێکارانی کەرتی تایبەتە دیارە ئەو یاسایە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەکتیڤ کراوە و نزیکەی 80 هەزار کرێکاری کەرتی تایبەت مەشمول کراون بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و 30 هەزار کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و بەر دەستەبەری کەوتوون.

ئەو کرێکارانەی کە دەستەبەر دەکرێن هەموو ماف و ئیمتیازێکیان هەیە

دواتر دکتۆر عارف حیتۆ بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵاتی دەربارەی چەند پرسێکی گرنگی کرێکاران ڕوونکردەوە: ئەو کرێکارانەی کە لەکوردستان کاردەکەن ئەگەر هاتوو دەستەبەر کرابن ئەوا هەموو ماف و ئیمتیازێکیان هەیە و دەتوانن بە پێی یاسای کار، کاتێکی خۆش لە پشووەکان وەرگرێت و هەر کۆمپانیایەک ئەگەر هاتوو پابەندی بەندەکانی یاسای کار نەبێت ئەوا ئێمە بەهاوکاری و هەماهەنگی سەندیکای کرێکاران ئەو کۆمپانیایە دەدینە دادگا و تا ئێستاش نزیکەی 700 خانەنشینی کرێکارمان هەیە ئەوانەی کە لە کەرتی تایبەت کاریان کردووەو خانەنشین بوونە جگە لەوەش نزیکەی 212 کرێکاری دیکەیشمان هەیە ئەوانیش خانەنشینی کەرتی تایبەتن و مووچەکانیان لە بەغداوە دێت لەبەر ئەوەی ئەوانە بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لە کوردستان کاریان کردبوو بۆیە مووچەکانیان لە بەغداوە بۆ دێت و ساڵانە نزیکەی 10 ملیار دینار وەکو پاداشتی کۆتایی خزمەتی کرێکاران دەدەین ئەو کاتانەی کە کرێکارێک لە کۆمپانیایەک یاخود لە پڕۆژەیەک گرێبەستەکەی تەواو دەبێت ئەو کرێکارانە دێنە لای ئێمە ئەگەر مەشمول کرابوون بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەو کاتە ئێمەش پاداشتی کۆتایی

جەخت لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لەم قۆناغەدا کرایەوە



عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییە کوردستانی و عێراقییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتی کریستیانەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە ئەبلەحەد ئەفرام ساوا سکرتێری حزبی دیموکراتی کلدانی و سەلام حەنا یەلدا سەرۆکی لێژنەی سەرکردایەتی و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی پارتی پیرۆزبایی لە بەستن و سەرکەوتنی کۆنگرە و سکرتێر و ستافی نوێ سەرکردایەتی ئاراستەکردن، پاشان تیشک خرایە سەر دواین پێشهات و ڕووداو و بارودۆخی هەستیاری سیاسی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکە و پرسی برا کریستیانەکان لە تەواوی ناوچەکان و دەشتی نەینەوا و هەماهەنگییەکان بۆ زیاتر پێشکەش کردنی خزمەت بەتەواوی پێکهاتەکانەوە، هاوکات باس لە پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەت و بەشداری لایەنەسیاسییەکان و پێکهاتەکان هەماهەنگییەکان لەم بارەیەوە خرایەڕوو، لەم بارەیەوە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکان تەئکیدی لە نەهجی پیرۆزی ڕێبازی بارزانی نەمری لەپاراستن و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتی لەمێژینەی نێوان گشت پێکهاتە و ئاین و نەتەوەکان و خزمەتکردنی زیاتری بەهەموو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کردەوە.

هەر دوێنێ ئەمرۆ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە کەسایەتی سیاسی و نیشتمانپەروەری دیاری کوردی باکووری کوردستان دەروێش سەعدۆ کرد. لە دیدارەکەدا دواین پرسی سیاسی کوردستان و ناوچەکە و پێشهات و گۆڕانکارییەکان و پێکهێنانی حکومەتی نوێ کوردستان خرایەڕوو، هەرلەو دیدارەکەدا تەئکید لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان لە هەرپارچەیەک و یەکخستنی هەلوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەم قۆناغە کردەوە.

بەرپرسێ لقێ ئێک ژ نێزیک هایدارێ ڕەوشا هاوولاتییان بو



پروژێ نوژین ستی کو ئێک ژ وان پروژێن نبشتەجێ بوونێیە ل سەنتەرێ پارێزگەها دهوکێ هاتینە ئاڤاکرن، دگەل هاتنا بارینا بارانێن زۆر و نەبوونا دیوارێن پالپشتێن موکم، گرێن ئاخێ هەرفتی نە خوارێ بوینە جهێ مەترسیێ بۆ خوە جهێن ڤان ئاڤاهیا. ب مەرەما هایدار بوون لسەر ڕەوشا هاولاتییێن ڤی پروژەی، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک سەرا ڤی جهی دا و ب نێزیکی هایدارێ مەترسیا ڤێ هریانێ بۆ و گوت: دێ هەمی هەولا دەین دگەل سازیێن پەیوەندیدار ڕێگەچارەکێ پەیدا بکەن کو نیشتەجهێن ڤی پروژەی ژ مەترسیێ قورتال بکەین. هەروەسا هاولاتییێن ڤی جهی سوپاسدارێن بەرپرسی لقا ئێک بوون ژ بۆ لێپرسینا گرفتا وان.

وەسا سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقا ئێک، ب ئاماەبونا بەرپرسێ نڤێسینگەها ڕێکخستنێ دگەل هژمارەکا کادرێن بەشێ ڕێکخستنێ و جەماوەری یێن لیژنێن سەر ب سنورێ لقا ئێک قە کووم بوون، دڤێ کووم بوونێ دا بەرپرسێ لقێ لسەر چەند خالێن گرێدای ب ئەرک و بەرپرسیارەتییێن کادری قە ئازراندن و گوت کادرێن پارتی دڤێت د ئاستێ بەرپرسیارەتیێ و خودان هەست و ڕەوشتەکێ بلند بیت د ناڤ جڤاکی دا چنکو ئەو دیکەفتییێن ڕێبازا پیروزا ئەو ژی ڕێبارا بارزانیێ نەمرە ئەوێ ئەم فێرکرین د پێشیا هەمیا دا بین ژ بۆ پاراستنا ئاخ و کەرامەتا مروڤێ کوردستانی، د تەوەرەکێ دی یێ ڤێ کوم بوونێ لسەر ڕەوشا نوکە یا کوردستانێ و پێکئینانا حکومەتا نویی و ئەرک و کارێ کادری پارتی د ڕۆژێن داهاتی دا هاتە گەنگەشەکرن، پاشی بەرپرسێ لقێ گوهدارایا گلە و گازندە و پێشنیارێن وان بۆ هەروەسا ئەو کادرێن ئامادە بووین سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبۆ گرێدانا ڤێ کووم بوونێ کو ئەڤ جورە کووم بوونە روحەکا دی یا خەباتێ دا لەشی مە.

وەزیری ئەوقاف سەردانی کەنیسەی ئوم نور دەکات

بە مەبەست پیرۆزبایی بە بۆنەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح سریانی ئەرتەدۆکس، د.پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت بەیاوەری شاندێکی وەزارەت، سەردانی کەنیسەی ئوم نوریان لەشارۆچکەی عەنکاوە کرد و لەلایەن مەتران نیقۆدیمۆس داود شەرەف، مەترانی کەنیسەی سریانی ئەرتەدۆکس لە کوردستان و موسڵ پێشوازی گەرمیان لێکرا. وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی ئاراستەی خوشک و برایانی کریستیان کرد و هیوای جەژنێکی خۆش و کامەرانی بۆ خواستن.

دواتر مەتران نیقۆدیمۆس خۆشحاڵی خۆی بەسەردان و پیرۆزبایی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و شاندی یاوەری دەربڕی وئاماژەیدا کە ئەمە ئەو پەڕی ئازادی و سەربەستییە لە نێو کەسوکاری خۆمان لە هەرێمی شیرینی کوردستان کە ولاتی هەموومانە جەژن دەکەین.

پرسەو سەرەخۆشی

پرسەنامەیەک لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدینەوە

زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر پرسە و سەرەخۆشی بۆ کۆچی دوایی پرۆفیسۆرو یاساناس و مامۆستای زانکۆ (پ. د. عەبدولرەحمان رەحیم) رادەگەیەنێت.

پرسە لە مزگەوتی ڕەشاد موفتی ـ ە، لە ڕۆژی سێشەمە 2019/4/30 لە کاتژمێر (3 - 6)ی ئێوارە.

انا لله وانا الیه راجعون

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر

چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بۆ گەڕەکانی قەتەوەی و میرزا ئەحمەد جێبەجێکرا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

ماوەی چەندین ساڵ بوو ژمارەیەک گەڕەک لە سنووری شارەوانی شەش بێ خزمەتگوزاری بوون، هەر بۆیە بە هاوکاری شارەوانی شەش، پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بەبڕی 20 ملیۆن دینار لە سەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بۆ گەڕەکی قەتەوەی کەوتە بواری جێبەجێکردن.

لەمبارەیەوە ئەندازیار سامان محەمەد بلباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئەو پرۆژەیە لەسەر داواکاری هاوولاتییانی گەڕەکی قەتەوی بوو لەسەر داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ئەنجام درا کە بریتی بوو لە کۆنکریتکردنی بەشێکی شەقامە ناوخۆییەکانی ئەو گەڕەکە و دواتر بەشەکانی دیکەی ئەو گەڕەکە کۆنکریت دەکرێ. لەلایەکی دیکەوە هەر بەهەوڵ و کۆششی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و لەسەر زۆری داواکاری دانیشتووانی گەڕەکی میرزا ئەحمەد توانرا کار بۆ گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەو گەڕەکە بکرێت.

شایانی باسە دوای ئەوەی ڕەزامەندی وەرگیرا و بوودجەی تایبەتی بۆ تەرخانکرا، کار بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەو گەڕەکە کرا کە بریتیە لە تێکەڵەڕێژ کردن و سەبکردنی شەقامەکانی ئەو گەڕەکە و هاوولاتییانیش بە گەیاندنی پرۆژەکانی ئەو گەڕەکە زۆر خۆشحاڵ بوون دیارە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی ئەو گەڕەکە بڕی 109 ملیۆن دینار تەرخانکراوە هەروەها جگە لەو پرۆژەیە هەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی ناو هەولێر کار بۆ چاککردنەوەی شەقام و پڕکردنەوەی چاڵ و چۆڵەکان دەکرێت.



کار بۆ بوژاندنەوەی وەبەرهێنانی دارایی و بازاڕی بۆرسە دەکرێت

خەبات ـ رەسوڵ سالح:

لە پێناو چالاککردنی وەبەرهێنانی دارایی، یەکێتی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری کۆمەڵەی برایەتی ئەردەنی- عێراقی کوردستانی، دووشەمە 209/4/29 لە هۆتێل شیراتۆنی هەولێر کۆنفرانسێک لە ژێرناوونیشانی چالاککردنی وەبەرهێنانی دارایی ڕێکخرا.

لەمبارەیەوە شەنگول حەسیب قادر سەرۆکی کۆمەڵەی برایەتی ئەردەنی – عێراقی کوردستانی لە لێدوانێکی تایبەت بە خەبات گوتی: بیرۆکەی ڕێکخستی ئەم دیدارە بۆ چالاککردن و بەگەڕخستنی وەبەرهێنانی دارایی و بازاری جیهانی بۆرسە و پشک لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دەمانەوێ سوود لە دامەزراوە ئەردەنییەکان وەربگرین کە مۆڵەتی دەستەی کاغەزە داراییەکانی ئەردەنی هەیە و ڕێگەپێدراون. ئێمە وەک کۆمەڵەی برایەتی ئەردەنی- عێراقی کوردستانی، بە هاوکاری یەکێتی ژووڕەکانی بازرگانی و پیشەسازییەکان هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دەمانەوێ سوود لە دامەزراوە ئەردەنییەکان وەربگرین کە مۆڵەتی دەستەی کاغەزە داراییەکانی ئەردەنی هەیە و شەنگول گوتیشی: کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانی و دارایی و پیشەییەکانی ئەردەن، هەرێمی کوردستان بە ژینگەیەکی لەبار و گرنگ دادەنێن بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە گشت بوارەکان لەوانە: بازرگانی و پیشەسازی، دارایی، ڕۆشنبیری و ڕاهێنان و لێ ئیش دەکەن بۆ بەسەرکردنەوەی ڕەوش و باروگوزەرانیان و جا ئەو کۆمپانیایانە چ خۆمالّی بن یاخود کرێکاری بیانی بن و لەنزیکەوە لە بارودۆخی ژیان و کارکردنی ئەو کرێکارانە دەپرسین ئەگەرچی بەسەرکردنەوانەی کرێکاران بە بەردەوامی سالّی درێژەی هەبووە هەرەوەها باسی ئەوەشی کرد و گوتی: بڕیار وابوو ئەمساڵ کۆنفراسێک ساز بکەین و بەچەندین بابەتی گرنگ بەشداری لەو کۆنفراسەدا بکەین بەڵام وادیاربوو بوودجە لە وەزارەتی دارایی دوادەکەوێت بۆیە ئەو کۆنفراسە ناکرێ و لەپلانماندا هەیە کۆمەڵێک وۆرکشۆپ و کۆنفراس ئەنجام بدەین وەکو پەنەلێک بێت لەوانە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کار و ماف و ئیمتیازاتی کرێکاران و پێداچوونەوەی یاسای کاری عێراقی و پێداچوونەوە و هەموارکردنەوەی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی تا ئەو یاسایانە کاریان لەسەر بکرێت دیارە هەرێمی کوردستان شوێنێکی گەورەیە بۆ هەموو کەسێک و شوێنێکی کراوەیە بە ڕووی هەموو کەسێک و دەرفەتی کار زۆرە لە کوردستان بۆیە بواری کار کردن فراوان بووە و پێویستی بەهەموار کردنی هەندێک بەندی یاسا هەیە چونکە ئەو یاسایانەی کە ئێمە هەمانە تا ئێستا یاسای کۆنن و لەگەڵ سەردەمی ئێستای کوردستان نەگونجێت لە پلاندا هەیە کار لەسەر ئەو یاسایانە بکەین دیارەئەو پلانە هی ساڵی 2013 بوو لەبەر شەڕی داعش و قەیرانی دارایی ئەو کارە ئەنجام نەدراو لەداهاتوو کاری لەسەر دەکەین بۆ بایەخدان بە گیرو گرفتی کرێکاران هێڵی گەرمان هەیە 5500 کرێکاران دەتوانن پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکەن باسی کێشەو ئاریشەکانی خۆیان بکەن سەبارەت بە گیان لەدەستدانی کرێکاران لەسەر کار بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی گوتی: لەساڵی 2018 ئەو کرێکارانەی کە گیانیان لەدەستداوە 7 کرێکارن و ئەوانە دەستەبەر کراون بەڵام ئەو کرێکارانەی کە دەستەبەر نەکرابن ئێمە ئاگاداری ناکرێینەوە بۆیە پێویستە کرێکاران دەستەبەر بکرێن تا ماف و ئیمتیازاتی نەفەوتێت

کرێکاران: ئومێدەوارین پرۆژەکان دەست پێ بکەنەوە تا دەرفەتی کاری زیاترمان بۆ بڕەخسێ

محەمەد کە کرێکارێکە گوتی: چەندین کرێکار هەیە ناتوانێ خۆی دەستەبەر بکات لەبەر خاوەن کارەکەی لەبەر ئەوەی کە هەر کە زانی ئەو کرێکارە خۆی دەستەبەر کردووە لەکارەکەی دووری دەخاتەوە خۆزگە حکومەت ئاوڕی لە کرێکاران دەدایەوە.

ستار کە گەنجێکی تەمەن 23ساڵان بوو گوتی: هەموو ڕۆژێک بۆ کار لە بنەسلاوە دێمە هەولێر و کارم دەست ناکەوێ نازانم چی بکەم بەبێ کار دگەڕێمەوە چی لە ڕۆژی جیهانی کرێکاران بکەم ئەگەر کارم نەبێ پێویستە چ حکومەت چ کەرتی تایبەت هەلی کار بدۆزێتەوە.

کاروچالاکیەکان لە ڕۆژی جیهانی کرێکاران

دواتر سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دکتۆر عارف حیتۆ بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ڕوونیکردەوە: بۆ ئەمساڵ ئێمە دوو چالاکی ئەنجام دەدەین وەک ساڵانە ئامار و کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پرێسکۆنفراسێکدا دەخەینەڕوو جگە لەوەیش سەردانی سەندیکای کرێکارانیش دەکەین و پیرۆزباییان لێ دەکەین و تاوتوێی کێشە و گرفتەکانیان دەکەین هەروەها سەردانی ژمارەیەک کۆمپانیا دەکەین ئەوانەی کە کرێکاری



ئەنفالێن ڕەنگاوڕەنگ

کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئامادەکردنی: ڕێبوار حەمەلاو شوانی





سەددام... کورد و ئەو وانانەی کە پێویستە لە ئەنفال وەربگیرێت

Ahval

سەددام ئەنفالی دژی کوردانی عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجام دا و نزیکەی سەد و هەشتا و دوو هەزار کورد ئەنفال کران...کورد ئێستا لە بەشەکانی دیکەی لەلایەن وڵاتانی دیکە دەچەوسێندرێتەوە.لە تورکیا لەبەر سیاسەتی دژە کورد (ئاکەپە) تووشی شکست هات. لەکاتێکدا پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لەبەر پشتگیری کورد سەرکەوتنی گەورەی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی سی و یەکی ئادار بەدەست هێنا.



کۆبوونەوەی ماکرۆن لەگەڵ کوردانی سووریا نیگەرانی تورکیا لێکەوتەوە

Egypt Independent

میواندارێکردنی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا لە نوێنەرانی هێزە کوردییەکانی سووریا کە توندڕەوانی داعشیان تێکشکاند نیگەرانی تورکیای بەدواوی خۆیدا هێنا. ماکرۆن پشتگیری وڵاتەکەی بۆ کوردانی سووریا لە جەنگی دژ بە داعش نیشان دا ، بەڵام تورکیا پێی وایە ئەمە پشتگیرییە لە تیرۆریستان ، بەڵام بۆچوونی فەرەنسا جیاوازە و تەنانەت پشتگیری مادی بۆ کوردانی سووریا دەربڕیوە.



لە زانکۆدا کوردانی سووریا ئایندەی خۆیان بنیات دەنێن

Monitor Christian Science

بۆ کوردانی سووریا باکووری ئەم وڵاتە پایەندبوون بە ئوتۆنۆمی وەکو سەرکەوتنێکی ئەستەمە دێتە بەرچاو ، بەڵام زانکۆی ڕۆژئاڤا میکانیزمەکانی بنیاتنانی ئایندەی کوردانی سووریا دەستەبەر دەکات. بەڵام هێشتا کوردانی سووریا کێشەیان لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد هەیە و سەڵماندوویانە کە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمەریکا بوون لە جەنگی دژ بە داعشدا.سەرباری تەنگو چەڵەکانی بەردەمی ، زانکۆی ڕۆژئاڤا کە لە تەمووزی 2016 دامەزراوە وەکو خەونێک بۆ کوردانی سووریا هەژمار دەکرێت.



لە یادی ئەنفال لە عێراقدا .. پاشماوەی گۆڕی بەکۆمەڵی کورد خرایە بەردەم کەسوکاریان

REUTERS

گۆڕێکی بەکۆمەڵی کورد کە لەلایەن هێزەکانی سەددام حوسێنەوە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوو ، گیانیان لە دەستداوە ، هەڵکەندرا.ئەم گۆڕە لە یادی ئەنفالی گەلی کورد لە سەد و حەفتا کیلۆمەتری ڕۆژئاوای شاری سەماوە دۆزرانەوە.هەروەها هەندێ لە ئێسک و پروسکی قوربانیان نیشانی کەسوکاریان درا...ئەم ئێسک و پروسکانە بەشێکن لە نزیکەی سەد و هەشتا و دوو هەزار قوربانی دیکەی گەلی کورد کە لە پرۆسەی ئەنفالدا لە ماوەی دەسەڵاتی سەددام حوسێن دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام درا. هەروەها هێزەکانی سەددام حوسێن لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە کیمیاباران کردنیش میللەتی کوردیان کردە ئامانج.



خالد ئەحمەد هادی

هەردەم ڕوژێن ڕەشتاری بوینە بەروکا مللەتێ کورد ل هەمی پارچێن کوردستانێ وهەمی حوکمرانێن لسەر کوردان بوینە دەسەلاتدار هەر ئێک وب شیانێن خو یێن جودا جودا ڕابوینە ب دوژمنکاری کرنا مللەتێ کورد وکار کریە بو نەهێلان وبنبر کرنا کوردان و دوژمنان هەمی ڕێک خستنە بەر وب هەمی جوران ب کوشتنا کوردان و خراب کرن و سوتنا گوند ومالێن وان و گرتن وئەشکەنجە دانا کوردان وب بێ بەهرکرنا کوردان ژ هەر پشکداریەکا حوکمرانیێ وناڤ کاروبارێن دەولەتێ دا وب مامەلەکرنا کوردان وەکو وەلاتییێن پلە سێ وچوار و وێڤە تر ودویرکرنا کوردان ژ وەرگرتنا زانست وزانین وپەروەدە وفێرکرنێ وکو بو نمونە مەزن ترین وبلندترین جهێن ئیدیەمە بکار ئینانە بەرامبەر کوردان وژئالیێ جیوپولوتیکی وژهەمی زانستان وهەمی ڕێکان دوژمناتیا کوردان کریە ب تایبەت ڕژێمێن گوربگور وروخیاییێن عیراقا فیدرال کو هەمی زانست وڕێک وپیلان بکار ئینانە ژبو ژبن برن ونەهێلانا کوردان .ئەڤا بابەتێ مە لسەر کو ئەم دێ باس کەین کو عەرەبکرن وبەعسی کرن وسێدارەدان وزیندنا وبومبێن عنقودی وناپالم وچەکێ کیمیاوی وجینوساید ودوماهیک زولم وستەم ومەینەتێن لسەر کوردان کری ئەو ژی هەوێن ئەنفالان لسالا (1988) بەرامبەر کوردان کرن وب سەرێ کوردان ئینان ئەڤێن ژلایێ یاسایی وقەدەغەکری یێن نێڤ دەولەتی هەمی هەمبەر کوردان ئەنجام دان وئەنفال وخو ل بەندا خودایێ مەزن دا وئایەتێن قورئانا پیروز گوهارتن کو ئەنفال بتنێ دژی دوژمنێن خودایی مەزن هاتینە فەرز کرن لێ دوژمنان وگوربگورێن بەغدایێ ب دژی مللەتێ کوردێ بسلمان ئینان و هەردیسا دژی هەمی ئاییننێن دی ژی ئەنجام دان وئەڤ هەوێن مەزن یێن ئەنفالان دژی کوردان ل کوردستانا باشور ئەنجام دان ب هزارەها زیانێن گیانی ومادەی وئابووری ودارایی و وەیی وسایکولوجی وئاییننی ب مللەتێ کورد کەڤتن وکوردستان هەمی فالا کرن چ یێ کوشتی وچییێ گرتی وچییێ بەرزەکری وچییێ ئاوارە بوی وکەفتینە بن پاتێن چادرێن مالوێران وتێلێن سیمەیێ تێلبەندکری وبونە ئاوارە وچ وەلاتێن بیانی ویێن بناڤێ مروڤاتییێ ویاساییێن نێڤ دەولەتی دیەیڤن وچی یێن بناڤێ ئاییننی دیەیڤن مینا عەرەبان کو خو ددانن شوینگرێن پەیامبەران هەمی بێدەنگ مان بەلکو نە بتنێ بێدەنگ مان بونە هاریکارێن دکتاتورێ چەرخێ بیستێ وهەتا مللەتێ کورد ژ لەپێن ئێمپریالیزما جیهانی ودەڤەری قورتال بوین کەفتنە دناڤ لەپێن دکتاتورێن دەڤبخوین.

وەرگرتنا زانستی ل کوردستانێ بتنێ پەیامنگەهـ بون ئەو ژی زورا کێم بوو وهەمی کەس نە وەردگرتن وبو زانین دشیانێن حکومەتا عیراقێ یا وی سەردەمی یا روخیای کو کولیژە وزانکویێن هەرە باش ڤەکەت لێ چ گرنگیدان نە دایە کوردان وکوردستان پشت گوھ هاڤێتیە. ژ ئالیێ گەشت وگوزار و ئاڤەدان کرن و پێشکەفتن و شارستانیەتێ ڤە بتنێ هندەک پروژێن هاتینە دروست کرن بتنێ بو خزمەت کرنا وانان بوو و هەر دیسا هندەک ڕێک وپر هاتینە دروست کرن بتنێ یێن لەشکەری وتایبەت بون ئەگەر چ پروژێن خزمەتگوزاری نە هاتینە دروست کرن ژئالیێ تێکدانا دیموگرافیەت (گھورینا ناسنامەیی) وتوپوگرافیەت (گھورینا دەڤەری وئاڤاھی) وژلایێ انتولوجیا (زانستێ هەبونێ) وسایکوبوتونی ئانکو(زانستێ دوژمناتی ولبەرێک ڕەشکرنێ) وابستمولوجیا ئانکو زانستێ زانینێ وهەمی ئەڤ

گەمەی براوەکان



فاتیح ئیسماعیل ئەحمەد

ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە پرۆسەی سیاسی دا، کایەکی تەواو تەندروستە و بەیەکێک لە بنەماکانی پرۆسەی دیموکراسی دادەنرێت، بەڵام پێویستە بە دۆخێکی سروشتی و یاسایی و ئاساییدا بڕوات تا کەمترین کاردانەوەی نێگەتیڤی لێ بکەوێتەوە. بۆ ئەوەی ئامانجەکە نەیێتە سەرەتای گەمەیەکی پڕ کێشمەکێشی بەرکەوتی پۆستەکان، هەرچەندە ئەو گەمەیەش زۆر ئاسایی و سروشتی و یاساییە.

بەڵام دەبێت کارە هەرە لە پێشینەکان بۆ بەدیهێنانی بەرنامەی هەڵبژاردن ودەستاو دەست کردنی پۆستەکان بێت. بەوەی هەر وەک لە یاسا و دەستوورە بەکار هاتووەکاندا دیاریکراوە لە دونیای خودان سیستەم و دیموکراسی. هەرێمی کوردستان کە خاوەن دەستووری خۆی نیە، بەڵام یاسای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هەڵبژاردن و دەستاو دەست کردنی دەسەڵات، کە دەبێت لایەنە براوەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەشداری لەبەرێوەبردن یاخود ئۆپۆزسیۆن بوون، کە هەردووکیشیان بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی. مافێکی سروشتی ئەو لایەنەیە کە بەشداربووە لە بەرێوەبردن و ئەنجامی باشی هێناوە کە هەوڵ بدات زۆرترین کار بکات بۆ خستنە ناوەوەی بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی بۆ ئەو حکوومەتەی کە دادەمەزرێت تا خواستی دەنگدەرانیان لەبەرچاوبگرێت.

بەس بەهۆی نەبوونی دەستوور و کەمی ئەزموون و ڕێکنەخستنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک کە ڕوون و ئاشکرابێت تا بە شێوەیەکی تەواو و تەندروست و دیاری کردنی دەوری هەر لایە بکات. ئەنجامی هەڵبژاردنی30/9/2018 نەچوتە سەرە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بۆ ئەوەی ئالۆگۆڕی دەسەلات بکرێت. چونکە هەموولایەنەکان دیانەوێت بەشدارین بە زۆرترین بەرنامە و پۆست و دەسەلات، تا ئەوەی ئامادەییان نییە کە خۆیان بە دەرنەچوو بزانن بەلکو بە کەمتریش لە نیوەی دەرچووی یەکەم، داوای پشکی نیوە زیاتر دەکات و هەروەها هەوڵ دەدات تا بڕیارەکانیش بەهاوبەشی بێت، کە لە کاتێکدا هەڵبژاردن بۆ ئەوبوو گۆڕانکاری لە کار و بەرنامەو پۆستەکاندا بکرێت، تاڕادەی ئەوەی خواستی جەماوەر لە بەرچاو بگیرێت، چونکە دەنگدەران زیاتر دەنگیان بەلایەنێک داوە لە لایەنێکی تر، ئەوەش دیارە کارو بەرنامە و ڕوانگەی ئەو لایەنەیان زیاتر بەدڵ بووە، بۆیە دەنگیان پێداوە.

کەواتە گەمەکە بۆ دەستکەوتی زیاتر بۆ ئەوەیە هەموو خۆیان بە براوە دابنێن، بەڵام دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری بکەن، چونکە گۆڕانکاریەکە زۆر حەتمیە و ئیدی ڕەنگە سەرەتا بە کەمی بێت پاشان گەورەتر دەبێت و گەمەکە دەبێتە گەمەی براوەی پرۆسەی سیاسی بە قازانجی چەسپاندنی سیستەمی سیاسی و دیموکراسی وڵات.

سازان وەهاب



چاکسازی مەرجە

پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی 9یەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان جۆرێک لە سستی پێوەیە و لەمێژووی حکمڕانی هەرێمی کوردستاندا ئەزموونێکی دیکەیە لە جێکردنەوەی زۆرترین ئەجێندای لایەنە بەشداربووەکان، کە بڕیارە نوێەمین کابینە بەڕێوەببەن و لە ئەولەویەتەکانیشیاندا زۆرترین ئاماژە بۆ کابینەکە(چاکسازی)یە.

چاکسازی لە کورتترین ناساندنیدا، بریتییە لە گۆڕین یاخود باشترکردنی ئەو کەلێن و کەموکوڕییانەی هەیە، کە هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەم مەرجە، واتا چاکسازی ببێتە بنەمای سەرەکی بۆ هاوبەشی کردن لە حکومڕانی 4 ساڵی ئایندەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەو مەرجانەی کە بۆ ڕووبەڕبوونەوەی گەندەڵی یاخود ئەو بەرنامانەی دانراون و ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێ، چەندە بەدوای چارەسەر گەڕاوە؟ یاخود تەنیا ئەو مەرجانە بۆ وەرگرتنی پۆستی زیاترە؟ یاخود ئەو کاراکتەرانەی لە نێو پێکهاتەی کابینەکە دەبن توانا و ئیرادە و کەسایەتییان گونجاوە لەگەڵ ئەو دەنگۆیانەی کە باس لە چاکسازی دەکەن؟

ئەمانە پرسیارن، ڕاستە خەڵکی هەرێمی کوردستان ئێستا چاوی لەسەر ئەو هەوڵ و بابەتانەیە کە پەیوەستە بە واژووکردنی ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان، بەڵام پرسیاری زۆر جەوهەری لە نێو خەڵک ڕاستکردنەوەی ئەو دۆخەیە کە لە ئەنجامی حکومەتی فرە پێکهاتەیی یاخود لە ئەنجامی نەبوونی بەرپرسیاریەتی پێویست هاتۆتە ئاراوە، دەکرێ ئەمجارەیش هەمان ئەو دۆخانە دروست بێتەوە و چاکسازی وەک کارتێکی موزایەدەی لایەنەکان بن، کە زۆرجار ڕێگریبیان لە پرۆژەی گرنگی چاکسازی کردووە، ئاخۆ ئەو لایەنانەی بەناوی بەشداریکردنی ڕاستەقینە روو لە حزبی یەکەم دەکەن، ئامانجی سەرەکییان چاکترکردنە یاخود چاکترکردنی پێگەی حزبی و کەسێتییەکانە لە ناو حکومەت؟

4ساڵ لەڕووی کاتەوە نە هێندە زۆرە، متمانە بەو هەموو پرۆژە چاکسازییانە بکەین، نەهێندە کەمیشە بێ هیوا بین لە هەنگاوەکانی چاکسازی، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، پیادەکردنی ئەو پرۆژانەیە کە ئێستا بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت پێداگری لەسەر دەکرێت و بووەتە مەرجی بەشداریکردنی ئەو لایەنانەی دەیانەوێ وەک دەرفەتێک بەسەریدا زاڵبن.

مادام چاکسازی مەرجە بۆ هەموویان و یەکێکە لەخاڵە گرنگەکان و دەخوازن لە هەموو سێکتەرەکان کاری لەسەر بکەن، پێویستە ئەو کاراکتەرانەی ڕۆڵیان پێدەدەن لە کابینەی نوێ خاوەن ئیرادەیەک بن یاخود توانایان هەبێ بۆ پیادەکردنی ئەو هەنگاو و بەرنامانەی کە بەنووسین و بە قسە هیوابەخشن، خۆ ئەگەریش ئەم دەرفەتە لە دەستبدرێ، پێش ئەوەی خەڵکی کوردستان زیانمەند بێت و کاریگەری لەسەریان دروست بکات، ئەوا حزبەکان باجی ئەو بەڵێنانە دەدەن کە بە خەڵکیان داوە و ئومێدی گەورەیان بۆ دروستکردووون.

مووچەی فەرمانبەران لە نێوان داکۆکیکاران و نەیارانیدا



د.مستەفا محەمەد زراری

ئاشکرایە، کە لە سەرەتای ساڵی 2014بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو و زۆر بە نادادپەروەرانە بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە و بە فەرمانێکی تاک لایەنە لەلایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عیراق و بەپلانێکی سیاسیی بەرنامە بۆ داڕێژراو بە بیرۆکەی کەسانێکی نابەرپرس لە هەرێمی کوردستان، بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگیرا لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دوابەدوای ئەو بڕیارە نا بەرپرسانەی ئەو کاتەی حکومەتی فیدراڵی عێراق، چەندین قەیرانی تر رووبان لە هەرێمی کوردستان کرد کە دیارترینیان ئەو هێرشە نارەوایەی گروپی داعش بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە بە درێژایی زیاتر لە 1000 کم بەرەی جەنگ دروست بوو لە نێوان پێشمەرگە و ئەو گروپە تیرۆریستەوە، هاتنی ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارە کە لەناوچە جیاجیاکانی عێراق و سوریا رووبان لە هەرێمی کوردستان کرد بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی ئارامە لە عێراق و سوریا، دوای ئەو قەیرانانە قەیرانێکی تریش رووی لە هەرێمی کوردستان کرد کە ئەویش دابەزینی نرخی نەوت بوو لە جیهان کەوا بە هیچ شێوەیەک پێشبینی نەدەکرا بەو ریژە زۆرە نرخی نەوت دابببەزێ بۆ ئەو ئاستەی کەوا نرخی بەرمیلێک نەوت ئەگەر بەراورد بکرابا بە تێچوونەکەی رەنگە چەند دۆلارێک جیاوازی هەبوو. ئەمەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی زیاتر گران کرد کە بەشێوەیەک ئەرکەکە گران بوو تەنانەت کۆمپانیا بیانیەکانیش کشانەوەی خۆیان لە هەرێمی کوردستان راگەیاند کە لەنێوانیاندا چەند کۆمپانیەکی جیهانی بواری وەبەرهێنان بوون لە کەرتی نەوت و کەرتەکانی تری وەبەرهێنان، بەڵام خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت توانی زۆر بە شێوەیەکی زیرەکانە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ئەو بارودۆخە سەختەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری هاتبوو.

ئەوەی کەوا من دەمەوێ لێرەدا تیشکی بخەمە سەر و شرۆڤەی بۆ بکەم... سەرهەڵدانی بیرۆکەی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵ، مەبەستی سەرەکی چی بوو لەو کارەدا؟!، کێ بوون ئەوانەی کەوا ئەو بیرۆکەیان دا بە سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی عیراق؟، بێگومان ئامانجی سەرەکی لێی لێدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەوپێیەی پارتی حزبی سەرەکی و خاوەن دەسەڵاتێکی فراوانە و نزیکەی نیوەی رای گشتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانە و پارتی وەک حزبێکی نەتەوەیی خاوەن میژوو و رابردوویەک کەوا لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستاش داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بووە و ئەمەشی بە کردار سەلماندوە کەوا هیچ کاتێک و لە هیچ بارێک سازشی نەکردووە لەسەر مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان چ لەرابردوو چ لە ئێستادا و بێگومان لەداهاتووشدا هەر بەو شێوەیە و لەسەر هەمان پەیڕەو بەردەوام دەبێت. ئەوان بە بڕوای خۆیان و بەو لێکدانەوی بۆیان کردبوو کە بە بڕینی بودجە لەلایەن بەغدا هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان دژ بە پارتی و سیاسەتی پارتی رادەپەڕن، ڕەنگە ئەو پلانەی کە دایانڕشتبوو و پاڵپشتییان دەکرد، لەوانەیە کەمێک سودیان لەو بارودۆخە بینی کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی سەخت بوون بە بڕینی بوودجە بەوەی لێرەولەوێ و لە ڕاگەیاندنە سێبەر و نافەرمییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستانیان بە هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانە تاوانبار کرد کە خۆیان دروستیان کردبوو، بەڵام بە تێپەڕبونی کات و لە دوای ئاشکرا بوونی ئەو پلانە خیانەتکارانەیەی کەوا کەسانێک؟؟! دایانڕشتبوو کە بەناو کورد بوون بەڵام جگە لە نەهامەتی هیچی تریان بەدەست نەهێنابوو بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هاووڵاتیان دەرکیان بە ڕاستیەکان کرد کەوا سەرچاوە و هۆکاری دروستبوونی ئەو قەیرانە دارایییە کێ بووە و چۆن دروست بووە و ئامانج لەدروست بوونی چی بوو.

ئەوەی جێگای داخە لەو چەند ڕۆژەی رابردوو جارێکیتر کەسانی تر و بە ڕیتمێکی تری جیاواز لەوانی پێشووتری خۆیان دەیانگوت حکومەتی فیدراڵ هانبدەن بۆ بڕینی بوودجەی هەرێمی کوردستان و دەیانەوێت دیسان پلان دابڕێژن بە لەباربردنی ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان هەولێر و بەغدا کراوە لەسەر نارەنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کەوا لە پێشتر ئامادەم پێی کرد کە ناردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغدا لە بودجەی عێراقی فیدرال بۆ ساڵی دارایی 2019 چەسپاوە بۆ ئەمساڵ بەو شێوەیە ڕێکەوتن کراوە کە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 250,000 بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات مانگانە حکومەتی فیدراڵ پێویستە 900ملیار دینار وەک بوودجە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، کە کۆی کشتی لە ساڵێکدا دەکاتە 10ترلیۆن و 800ملیار دینار و لە باری ڕادەست نەکردنی ئەو برە نەوتەش حکومەتی فیدرال دەبێت مانگانە 522ملیار دینار وەک مووچەی فەرمانبەرو پێشمەرگە بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، کە شایەنی باسە ئەو گوژمەیە بەتەواوی بەشی مووچەی مووچە خۆران و پێشمەرگە ناکات.

هەروەک هەموومان دەزانین ئەو بەرەو پێشچوون و ڕێککەوتنەی کە هاتووەتە ئاراوە بەرهەمی ئەو سەردانەی ڕێزدار سەرۆک بارزانی و شاندی یاوەریان کە دیارترینیان ڕێزدار مسرور بارزانی بوو کە چەند مانگێک لەمەوبەر ئەنجامیاندا بۆ بەغدا کە بەشێوەیەکی زۆر شایستە پێشوازییان لێکرا و کۆبوونەوەی بەرهەمدار ئەنجامدرا لە نێوان بەرێزیان و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران، کە ئەمەی دواییان دیدو بۆچونی زۆر جیاوازترە لە سەرۆک وەزیرانی پێشووتری حکومەتی فیدراڵ و بەباشی مامەڵە لەگەڵ واقیعی عێراق دەکات و دان بە مافە دەستوریەکانی هەرێمی کوردستان دادەنێت، ئەو سەردانەی سەرۆک بارزانی بووە هۆی ڕەواندنەوەی ئەو بارگرژییەی کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دروست ببوو و دۆخەکە بەرەو ئارام بوونەوە چوو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان جارێکیتر بۆیان ڕوون بۆتەوە و چ لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، تەنها سەرۆک بارزانی دەتوانێت چارەسەری کێشە و گرفتەکان بکات.



ئاسۆ جمیل شێخ وەسانی

پرسەکان لە عێراق و تورکیا و ئێران و سوریا دا

ڕەنگە لە داهاتوودا عیراق وەکو ئەو عێراقەی ئێستا نەبێت، گرووپەکانی (سوننە و سوننە)وە(شیعە و شیعە) یان هەردوو لا پێکەوە ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و دواتر حکومەتەکەی ئەوان، کە هەتاکو ئێستا، کابینە تەواو نەکراوە بەرەو ئینشیقاق بچێت، لەم سەروبەندەدا ئەگەری کودەتای سەربازیش هەیە. جا ئەگەر کورد لە نێوخۆیاندا یەکگرتوو بن و بتوانن لەگەڵ یەکتری تەبابن و ڕاو ڕاوێژ لە نێوانیان هەبێت، ئەوا دەتوانن دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان تەواو بکەن. هەروەها ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت و بیەوێت ڕێگری یان کێشە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دروست بکات، بەتایبەت لە پرسی بەرزاییەکانی (گولان) کە لەم ماوەیەدا لە لایەن دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا سەرەڕو و بوونی (ئیسرائیلی)یەسەر ئەوخاکەدا سەپاند کە ڕووبەرەکەی ١٨٠٠ کلیۆمەترە، ئەوا لەم چوار چێوەیەدا تورکیا ڕووبەڕووی شەپۆلێکی دیکەی گەمارۆی (سیاسی و ئابووری)دەبێتەوە لە لایەن ولاتی ئەمەریکاوە بە ڕابەرایەتی دۆنالد ترامپ. لە ئایندەشدا دوورنییە؟ هێرشی سەربازی سەرکەوتنی لەسوریا سەریان هەڵدا (بەرەی نوسرە و خەلافەتی داعش)، لەئاکامدا سوریا بەتەواوەتی وێران بوو. وەک شارەزایان دەڵێن سوریا پێویستی بە دەیان ساڵە بۆ ئەوەی وەک خۆی لێبێتەوە ، کورد لەم ولاتە، یاخود دروست تر بڵێم ڕۆژئاوای کوردستان (ئەگەر پەکەکە بهێڵێت) بە یەکدەنگی و تەبایی و کاری هاوبەش دەتوانن بوون و مافی خۆیان لەسوریا بسەملێنن. ئەگەر دۆخەکان لەبار بن و پەکەکە و یەپەگە نەچێتە نێو گەمەی سیاسی بەرەی (ئێران و بەریتانیا و ڕوسیا) ڕەنگە هەرێمێکی سەربەخۆ دروست بێت.

کافە و ئەندێشە




کاروان کەریم خان

لە پیرانشاری ڕۆژهەڵات چوومە کافە کتێبی ئەندیشە کەشی ئەم کافەیە سەرنجی منی ڕاکێشا. کافە کتێبی ئەندیشە شوێنێک بو بۆ دوو مەبەست: یەکیان تەرویجی فەرهەنگی کتێب خوێندنەوە بوو لە ئاستی گشتی کۆمەڵگا و دووەمیان سەرچاوەی داهات بوو بۆ هەندێ گەنجی فەرهەنگی.

ئەم شتە وای کرد بیر لە گرینگی کافە و کاریگەری کافە بکەم لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایی و دواتر بەراوردێک بکەم لە نێوان بەشێک لە کافەکانی باشوور و کافە کتێبی ئەندیشە. دیارە فەرهەنگی کافە نشینی فەرهەنگێکی ڕۆژئاواییە کە بە شێوەیەکی دیاردەیی بۆ سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی زایینی دەگەڕێتەوە. فەڕەنسا لەم چاخەدا بە بێشکەی کافە نشینی دەزانرێ. دەشڵێن کافە یەکەم جار لە شارەکانی لەندەن و ئۆکسفۆرد دانراوە. کافەنشینی بە پێچەوانەی ناوەکەی و ڕواڵەتەکەی تەنها چوونە کافە و خواردنەوەی قاوە نیە، بەڵکو بە کردارێکی کۆمەڵایەتی مەبەستدارادەنرێت کە بە شێوەیەکی ئاستێی کاریگەری هەبووە لە سەر کۆمەڵگا و بە شێوەیەکی ستوونی هاوکاری کەڵە نووسەر و بیرمەندان بووە تاکو لەوێ زیاتر پێبگەن و پێبگەیێنن. کردارێک کە ڕەنگە بتوانین بڵێین بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی هزر و ئەندیشە. دانیشتنی بەرانبەر یەکتری و باسەکانی سەر میزی کافەکان کاریگەریەکی زۆری هەبووە لە ڕووداوەکانی ولاتان و کافە شوێنی ئالۆگۆڕی بیر و ڕا بووە. هەروەها لە بەر ئەوەی شوێنێکی تایبەتە نووسەر و هونەرمەندان زۆرێک لە نووسین و هونەرەکەیان لە کافەدا گەورە کردووە. لە ڕاستیدا بە پێی شێوازی میعماری مالەکان لە شارێکی وەک پاریس و فەرهەنگی مالنشینی لە ڕۆژئاوادا کافە تەنها شوێنی پشتیوانی کردنی هونەرمەندان و نووسەران بووە. کافە ئەگەرچی بۆ خاوەنەکەی شوێنی داهات و بژێو بووە بەڵام وەک سەنتەرێکی ڕۆشنبیری ئێستایی، کە لە لایەن حکومەتەکان پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت و هیچیشیان لێ هەڵناگرێ، شوێنی فەرهەنگ سازی بوە تەنانەت کاریگەری هەبووە لە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرێک لە ولاتانی ڕۆژئاوا. کافە تاکو سەدەی بیستەمیش شتێک بوە کە دەتوانین بڵێین لە گەڵ چەمکی ڕوناکبیریدا یەک بووە و ڕوناکبیری لە کافەکان خوناوەی کردووە. بە جۆرێک کە ئێستاش لە ڤیەننا کافە بە شوێنی گەشەی کۆمەڵاتی دادەنرێت. دەتوانین بڵێین ئێستاش لە شەقامەکانی نزیک هەندێک زانکۆی وەک زانکۆی بێرکلی لە ئەمریکا کافەکان تاکو بەرەبەیان کراوەن و قوتابیان و مامۆستایان لەم کافانە وەک کلاسی وانە بەهرە وەردەگرن. بەداخەوە لەم دواییەدا کافە نەک هەر جێی هزرینەوە نەبووە بەڵکو بۆتە جێگای پشوودانی هزر و بۆتە شوێنی خواردن. بە جۆرێک چەمکی کافە گۆڕاوە کە تەنانەت خەڵکێکی زۆر جیاوازی ناکەن لە نێوان کافە و کافی شۆپ و چایخانە. لە ولاتانی جیهانی سێیەمی وەک ئێمە کەمتر بیر لەوە کراوەتەوە کە بۆچی کورسییەکانی کافە بە پێچەوانەی کورسی و فەرشی مالّ لە بەرانبەر یەکتر دانراون؟ نەک هەر شێوازەکە تێنەگەیین بەڵکو کافە بۆتە شوێنی چەند گەنجێکی زار بە دووکەڵ. دوای ئەوەی کە کارکردی کافەکان بە تایبەتی لە ولاتانی جیهانی سێیەم گۆڕا و کافە بووە شوێنی کات بەسەر بردن لەم دواییانەدا شتێکی نوێتر بۆ هاندانی کۆمەڵگا لە کافەدا داهێنرا ئەویش دامەزراندنی کافە کتێب بووە. واتا لە کافەکان کتێب دانران و خەڵک دەیتوانی لە کافە کتێب وەرگرێت. بەڵام کاریگەری کافە کتێب تا ئێستا هەر باشە و ڕەنگە ببێتە چاولێکەرییەک و دەرئەنجامەکەی تا ڕادەیەک ئەرێنی بێ یان لانیکەم خراب نەبێت.

ئەوەی کە دەبینم لە باشووری کوردستان نەک هەر کافە کتێب زۆر کەمن و کەمتر پێشوازی لێکراوە تەنانەت کتێبخانەی زانکۆکانیش بۆنی چۆڵی لێ دێت، بە جۆرێک کە نادی زانکۆکان کتیبەکانیش بکەین دەبینین خوێنەری کەمتر لێیە بەڵام کەمێک ئارامی زیاتری لێ بەدی دەکرێت. لە گەڵ ئەوەشدا بوونی کافە کتێب وردە وردە چایخانەکان کەمتر بوونەوە بەڵام کافە لە دەستپێکییەوە نەبووە شوێنی هزر و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زیاتر بۆتە شوێنی کات بەسەر بردن. هەر دەڵێی کات دوژمنی گەنجی ئێستایە. هەروەها لەو کاتەی کافەکان لە باشوری کوردستاندا زۆر بوون و هەموو کوچە و شەقامێک کافەیەکی لێدانرا کە لە دوکەڵی قلیان و ڕەقە ڕەق و هەراهەرا شتێکی تر لەم کافانە هەڵناچۆڕێ.



ماوەیەک لەمەوبەر سەردانێکی شاری پیرانشارم کرد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بینیم چەند لاوێکی ڕۆشنبیر و خوێنەر کافەیەکیان داناوە بە ناوی کافە کتێبی ئەندیشە. ئەم کافەیە لە لایەک سەرچاوەیەکی داهاتە و لە لایەکیش بڕەودانە بە لایەنی کەلتوور و فەرهەنگ. ئەڵبەتە ئەم کافە کتێبانە لە شارەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش وەک مەریوان و گەلێ شاریتر هەن کە جێی خۆشحاڵییە. هیوادارم ئەم کەلتوورە بێتە باشووریش و ئەوانەی دەیانەوێ داهات لە سەر شەقامەکان بەدەست بێنن بە بیرێکی نەتەوەییانە و فەرهەنگیانە هەر یەکە و بینە ناوەندێکی ڕۆشنبیری کە هەڵقوڵاوی بیری لاوان و لە ناو دڵی کۆمەڵگای لاوان بێتە دەرێ نەک لە سەنتەرێکی ڕۆشنبیری حکومی بێت و لە سەرەوە شتیان بۆ دیکتە بکرێت. بەداخەوە ئەوانەی کاری ئابووری دەکەن تەنها ڕەهەندی ئابووریان گرتۆتە بەر و کەمتر بیر لە لایەنی تر دەکەنەوە. لە کاتێکدا ئەوانەی بەداهاتن دەتوانن بەشێکی داهاتیان لە پێناوی گەشەی زانست و فەرهەنگ و پێشکەوتن خەرج بکەن. هیوادارم چینی بورژوا بەشێک لە داهات و پارەیان بۆ خزمەتی کافە کتێبەکان، دانیشتنە زانستیەکان، کاری هونەری و نەتەوەیی تەرخان بکەن. ئەگەر فەرهەنگی کافە کتێبی ئەندیشە نەبێتە شوێنی نێرگلەی کافی شۆپەکان و ئەگەر چینی بازەرگان و هەبوو ڕەهەندی خزمەت بە زانست و فەرهەنگیان بۆ دروست نەبێت، ئەم ولاتە بە ئاقارێکی خراپدا دەڕوات کە تەنها بیری تۆندڕەوەی و ئیسلام گەرایی تێدا تۆو داوێ. ئاقارێک کە لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی هەولێر لە ساڵی 2019دەدیترێ، ئەگەر سەیری پێشانگای نێو دەوڵەتی بکەین دەبینین کە بەشێکی زۆری داواکارانی کتێب خەڵکی ئایدۆلۆژیست و ئیسلام گەرا بوون. ئێمە هەموومان بە نەخۆشییەکە دەزانین بەڵام پرسیار ئەوەیە کە چارە چیە؟ یەکێک لە چارەکان ئەوەیە کە دەبێ بە ئاچەری دروست کردنی کافە کتێبی زیاتر لە شارەکان هەڵی کاری سەربەست ساز بکرێت و کافە کتێب هان بدرێن بۆ ئەوەیکە بەڵکو کاریگەری هەبێ. لە نزیک زانکۆکان کافە کتێبی زیاتر دروست بکرێن. لە جیاتی سەنتەری ساختەی ڕۆشنبیری هەوڵ بدرێت کافەی کتێب و شوێنی فەرهەنگی خۆیەخش، کە ئەنگیزەی داهاتیشی تێدا بێت، دروست بکرێن. تاکو کاری فەرهەنگ سازی نەخزێنرێتە ناخی کۆمەڵگای لاوان ئێمە هەروا بە دەردی هەژاری فەرهەنگی دەنالێنین نالەیەک کە کاریگەری خرایی دەبێتە سەر دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

وون بوون

ناسنامەی دەفتەرگەرانی ئۆتۆمبێل جۆری ئۆتۆمبێل: نیسان التیما سالمون بەناوی احمد جعفر احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧٢١٣١٤ بەرواری ٢٠١٨/٧/٢٢ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی هونەر خطاب رحمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: ماجد حمید جمعە جۆری ئۆتۆمبێل: تیوران فوکس فاگون ڕەنگ سلڤەر مۆدێل: ٢٠٠٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل: BMJK٣٥٥ ژمارەی ئەلمانی ژمارەی شاسی: WVGZZZ١IZ٦W١٤٤٦٤٨ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

سەرۆکایەتی شارەوانی شەقڵاوە
بەشی/ هونەری

ژمارە: ٢٣٢/١٣٤
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٨

جاردان

ئاگاداری گشت فەرمانگە ڕەسمی و نارەسمی و هاوڵاتیان دەکەینەوە کە هەر لایەك ڕەخنە و پێشنیاری هەیە سەبارەت بە دانانی نەخشەی کەرتی و گۆڕینی ڕەگەزی پارچە زەوی ژمارە (٧/٢ ك ١ی باخچەکانی شەقڵاوە) لە نیشتەجێ بۆ گەشتیاری با داواکارییەك پێشکەش بە شارەوانی شەقڵاوە بکات بەپێچەوانەوە نەخشەکە پەسندی کۆتایی بۆ ئەنجام دەدرێت لە بەرواری دەرچوونی ڕۆژنامەوە تاکۆ مانگێك دوای دەرچوونی ڕۆژنامەوە لەگەڵ ڕێزمان بۆ گشت لایەك.

احمد اسماعیل قادر
سەرۆکی شارەوانی شەقڵاوە

***

قایمقامیا قەزا ئاکرێ
لیژنا بەرفرەهکرنا مشاعێن گوندا

ژمارە: ٢٦٥٦
ژمارە:٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٤

ئاگاداری

لدویف برگا (٥) ل مادا (٤) ل یاسایا ژمارە (١) یا ساڵا (٢٠١٥) وەزارەتا نافخویا بەرێما کوردستانا عراقێ لیژنا تایبەت ب بەرفرەهکرنا مشاعێن گوندا رابویە ب کارێ خو بو مەرەما بەرفرەهکرنا مشاعێ گوندێ کیلەبی کەرتێ (١١٤) کیلەبی، سەر ب ناحیا گردەسێن ئەفجا هەر کەسەکێ تانە هەبیت پێشکێشی لیژنا ناڤبری بکەت ل ماوەی ١٥ ڕۆژا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ.

مازن محمد سعید
قایمقامیێ قەزا ئاکرێ
سەرۆکێ لیژنێ

***

(ئاگاداری)

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ڕووبەری (٢٨٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٤٥) ك (٢٦) بێخال ، بە مەبەستی دانانی (کۆشك و باخچە) بۆ ماوەی (١٥) پانزدە ساڵ بە زیادکردنی ئاشکرا بە پێ ی یاسایی ژمارە ٣٢ سالی ١٩٨٦ و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦ ، جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری کە سۆران بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێ بێت لە بڕی پارەی خەملێنراو ، گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە .

نزار حسین عبدالله
ی.بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران

نمونەی ژمارە (٢٨) تۆمارکردنی خانووبەرە جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکارییەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٣ پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کراوە بۆ سەر لە نوێ تۆمارکردنی خانووبەرەی زنجیرە ٩٣٠/٢٥ گەرەك (دیانا) بەناوی (غفار رشید اسماعیل) کە لەژێر دەستیەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی و بەمەبەستی چەسپاندنی خاوەندارییەتیەکەی بۆ ئەوەی بەپێ ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی ژمارە (٤٣) ساڵی (١٩٧١) تۆمار بکرێت، بڕیارماندا داواکارییەکە بڵاوبکرێتەوە، جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یان مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێ لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکە بەلگەو قەوارەی خۆی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای کۆتایی ماوەی ئەو بڵاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە ئامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینە کە لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ اسماعیل سعید

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهوك

ژمارە/ ٢٠١٩/٢/ انابە
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٩

ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فرۆتنا پشکا قەردار (ادریس حسن حیران) بتنێ ژ مولکێ ژمارە (٢٧/١٧٣) کەرتێ (جوار دهوك) کو دکەڤیتە (دهوك) و هاتیە دەستەسەرکرن لدیف داخازا قەردەر (جوتیار صابر اسماعیل) بکوژمێ (٩٣٤,٩٤٩,٤٠٠) نەھ سەدو سیھ و چار ملیۆن و نەھ سەد و چل و نەھ هزار و چار سەد دینار، هەرکەسێ بڤێت بکڕیت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ ٣٠ سیھ ڕۆژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕۆژا پشتی ڕاگەهاندنێ و تەمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت ڕێژا ١٠٪ ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە ١,٦٢١,٩٦٤,٩٢٥ تێنك ملیارو شەش سەدو بیست و ئێك ملیۆن و نەھ سەد و شێست و چار هزار و نەھ سەد و بیست و پێنج دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی. بو زانین ڕەسمێ تومارکرنێ و دەلالیەت لسەر بکرێ یە..

ژڤان عزیز محمد
ڕێڤەبەر/ جێبەجێکاری داد
سالوخەت:-
جھ و ژمارە: دهوك (٢٧/١٧٣) کەرتێ (جوار دهوك)
جور:- پێك هاتیە ژ زەڤیا بەتاڵ
سنورو سالوخەت:- پێك دهێت ژ زەڤیا بەتاڵ

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك

ژمارە: ٣٩٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٤

پێراگەیاندن

بۆ/ نقیب (هۆگر حسن حمد حمید)

پێت ڕادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی ڕۆژ کە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٨/٥٧) کە بەپێی ماددەی (١/٣٣ و ٣/٦٢) لەیاسای سزادانی سەربازی ژمارە (١٩)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەوالەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.

شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە-

بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی و پەیوەندییەکان.
شوێنی دانیشتووی / نانوێشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).

سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەڤی و زار

ژمارە: ١٩٠٧/٣٠١/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩

ئاگەهداری

لدویف نڤیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٣٤٣٤ ل ٢٠١٩/٤/٢٣) کو ئامازە دایە ب نڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئافەدانی ل دهوکێ ژمارە (١١٤٢ ل ٢٠١٩/٤/٢٣) سەبارەت گهورینا ڕەگەزێ پارچێن ژمارە (١١٨/٥ ، ٧٨/١) کەرتێ ١٣ تلکبر کو دبنە ئێك پارچە ژ ڕەگەزێ ئافێنێن گشتی بو مزگەفت لدویف نەخشێ ژمارە (٣٠٢) بو دروستکرنا مزگەفتەکێ لسەر بەرامبەر داگیرانێ ژ پارچا ژمارە ١٦٧٩/٢ کەرتێ ١٣ تلکبر) ب ڕەگەزێ (مزگەفت بو ئافاهیێن گشتی) لدویف نەخشێ ژمارە ٣٦٢ و لدویف یاسایا ڕێڤەبەریا شارەوانیا یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوڵاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیھ ڕۆژا هەر ژ ڕۆژا بەلافکرنا ئاگەهداریێ ل ڕۆژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.

ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٩/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢٤

ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئێك زێدەکرنەکا ناشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (سەربرخانا بەردەرەش) لسەر پارچا زەڤی یا ژمارە (١/ ٥٦٤٩) کەرتی ٦٣ بەردەرەش گەورە ب ڕووبەرێ (٣٠٠٠) م٢ بو ماوێ ٢ ساڵا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا بەردەرەش بکەت د ماوێ ٣٠ سیھ ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا بەردەرەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداریێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٥٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٤/٢٩

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (طارق عفیف ابراهیم) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێك جودابوون(التفریق للهجر) ژ تە ئەوا رویدای ناڤبرا تەو وداواکار (فاطمە محمد فاضل) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ دومیز کەمبا دومیز یا پە نابەرێن سوری ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ١٧٨/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٤/٢٨

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (الیف نافتی) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب پەسندکرنا تەلاقا دەرکی(تصدیق الطلاق الخارجی) ناڤبرا تە وداواکار (شاهد حاکم بشار)ئەوا ڕودای دناڤبرا تە وێدا ل ٢٠١٩/٢/٢٨ وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهدارییا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها تناهی ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕوژا ژبەلافکرنا ڕوژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیك ئیت

٢٠١٩/١/٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی, وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) تێبەڵچوونەوە وە پێداچوونەوەتان هەیە لە بریارەی نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای.

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە:٣٣٦٤/ب/٢٠١٨/١
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ڕێبوار نامق سعید)

ئامازە بەداوای بەرایی ژمارە (٣٣٦٤/ ب/٢٠١٨) کە تۆمارکارابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (جلال حسین مصطفی) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٤/٢٢) بە پاشملە بریاری دا بە پابەندکردنت بەدانی بڕی پارە (٨٠٠٠٠٠٠) هەشت ملیۆن دیناری عیراقی وە دانی بری (٨٠٠٠٠٠) هەشت سەد هەزار دینار وەکو ماندووبونی پارێزەرایەتی. لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێبەڵچوونەوەی و پێداچوونەوەت هەیە لەبریاری پاشملەی دادگای لەماوەی یاسای (٣٠) ڕۆژدا ئەگەرنا بریارەکەی پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/١

ژمارە: ١٠٧٩٥
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢١

هۆشداری و لابردنی بریکار

لەڕێگەی فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی/١ بۆ حسین حمە علی توفیق ناونیشان (سلێمانی/ قولە ڕەیسی/ نزیك مزگەوتی مەریوان/ ژ.م ٠٧٥٠١١٧٢٠٤٠ لەماوەی ڕابردوو ئێوە بریکاری من بوون بەپێی بریکارنامەی (گشتی) بەژمارەی گشتی (٦١٧٢٧) لەڕێکەوتی ٢٠٠٩/٩/١٠ دەڕچووە لە دادنووسی (سلێمانی/١) و لەبەر نەمانی پێویستی بەم بریکارنامەیە ئاگادارتان دەکەمەوە بەکۆتایی هێنان بەو بریکارنامەیە و لەبەکار نەهێنانی بریکارنامەکە لەڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەت بەپێچەوانەوە بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر بەیاسا.

دادنووس/ فاروق کیلان شریف

***

دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی

دادوەر / قیصر صائب صلاح

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك

ژمارە / ١٠٩٥ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٩

پێراگەهاندن

بۆ / قەردار (هیهات عبدالله شریف)

ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)ی یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێنن یاسایی بێن (جبری) بین

هاریڤان ایوب عبدالله
(جێ بەجێ کاری داد)

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی سەرچاوە مرۆییەکان
هۆبەی خۆیەتی

ژمارە: ٤٣٣٠/٢/٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٤

بۆ/ ڕابەر کریم بکر/ بەناونیشانی (ی. ئەندازیار) لەسەر میلاکی زانکۆمان/ ب. ئامارو تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن ئاگادارکردنەوە (اخطار)

بەهۆی دابرانت لەکار لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/١٤ لەدەوامی فەرمی دەست بەکارنەبوونت تاکو ئێستا داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەرکار بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لەکارەکەت دادەنرێت بەپێی ماددەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤) سالی ١٩٦٠ ڕاستکراو کۆتایی بەڕاژەکەت دێت.

پ.د.احمد انور دزەیی
سەرۆکی زانکۆ

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە:٣٤/ب/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٤

بۆ/ داوالێکراو (رشاد عودی احمد)

جاردان

ئامازە بە داوای ژمارە ٣٤/ب/٢٠١٩/٤ کە تۆمار کرابوو لە سەرتان لەلایەن داواکار (شیرزاد سعید احمد) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٤/٢٢) بەپاشملە بریاری دا بەپاندنکردنت بەدانی بری پارەی ٤,٨٦٠,٠٠٠ دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/ مختاری گەرەکی موفتی لە

Employment Opportunity

The U. S. Consulate General in Erbil is seeking a new Procurement Supervisor. Qualified candidates should possess strong leadership skills, experience in procurement, and excellent verbal and written communication skills in English. Please visit our website at https://erajobs.state.gov/dos-era/irq/vacancysearch/ searchVacancies.hms for more detailed information. Applications are due by May 1, 2019.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣١٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕەش کوە) بۆ (بازرگانی گشتی- هێنانی ئاژەڵی زیندوو/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ١٩٩٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕۆژانە) بۆ (بازرگانی ئۆتۆمبێل و هێنان و بردن/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢٩٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (حسن عمر علی) بۆ (بازرگانی گشتی و هاوردەو هەنارده و بەرووبوومی ئاژەڵی و ماسی و مریشك/ تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
هۆبەی/ یاسایی
ژمارە/ ١٨٠٤
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٨
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ناشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١/٢٥٧٧ ك ٩٤ باداوە) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (عیاد رفعت حمدامین) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف البرکة الترکی) لە جیاتی قەرز بری پارە (٣٧٨٠٠٠٠٠) سی و حەوت ملیۆن و هەشت هەزار دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێک ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.
بەڕێوەبەر
خسرۆ سعید ادم
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر
زانیاری لەسەر مەلکەکە/
خاوەن قەرز (مصرف البرکة الترکی)
- خاوەن مولک (عیاد رفعت حمدامین)
- جۆری مولک (ملك صرف)
- ڕووبەر (٢٥٠م٢) تەنها یەک پشک (١٢٥م٢) کەبەشی قەرزارە.
- ژمارەی مولک (١/٢٥٧٧ ك ٩٤ باداوە)
شوێنی مولک (گەرەکی فەرمانبەران/ نزیک بالّەخانەی صلاح الدین ایوبی و شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ١٠م)
- پێکهاتەکەی/ دوو ژوورو ناندین و گەرما و ئاودەست لە خوارەوە دوو ژوور و حەم و ئاودەست لەسەرەوە لەبلۆک و کۆنکریت دروستکراوە.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی شەمامک
ژمارە: ٤٧
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگاداری
داوای داواکار (احمد جمال الدین دعبول) و سکالای لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/١٤) دەربارەی ئەو ئامێرانەی پەیوەستدارە بەخۆی بۆ ئەم مەبەستە سەرۆک و ئەندامانی لێژنە لەگەڵ فەرمانبەر تایبەتمەند چووین بۆ ئامێرەکان لە (شامك) پشکنینی ئامێرەکانمان کردووە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت.
دادنووس/ هیوا برایم علی
ئامێرەکان:
١- ئامێری لێدانی لێبل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
٢- ئامێری دروستکردنی بتل ژمارە/ EB٢٥HLL٠٣٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٣- ئامێری دروستکردنی بتل ژمارە/ EB٢٥HLL٠٢٩ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٤- ئامێری دروستکردنی بتل ژمارە/ ٠٨٢(QA)EB٢٥H١١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٥- ئامێری دروستکردنی بتل ژمارە/ ٠٨١(QA)EB٢٥H١١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣,٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٦- ئامێری لەناوبردن و وردکردنی بوتل ژمارە/ WSG-٤٠٠ دروستکراوی امریکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥ بری پارە/ ١٢,٠٠٠,٠٠٠.
٧- ئامێری ساردکردنەوەی قالبی بتل ژمارە/ ١٢٢٥١٩٠٠١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨,٥ بری پارە/ ٤٠,٠٠٠,٠٠٠.
٨- ئامێری پالنەری هەوا ژمارە/ ٣٤١٨١٠٣١٢ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨,٥ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
٩- ئامێری پالنەری هەوا ژمارە/ ٨٣١٨٠٩١٢٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
١٠- ئامێری پالنەری هەوا ژمارە/ ٣٤١٨١٠٣١٥ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٨,٥ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
١١- ئامێری دروستکردنی ئەمبول ژمارە/ P٠٢٠١١١٠١٩ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٨,٥ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
١٢- ئامێری هیتەر- بۆ توانەوە مادەی سەرەتایی ژمارە/ UMD١٨٠٢٠٠ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢١,٦٥ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
١٣- ئامێری دروستکردنی بتل ژمارە/ ٢٠١٨٤٢ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
١٤- ئامێری دروستکردنی بتل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٥ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
١٥- ئامێری تێکەلکردنی زاهی بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢ بری پارە/ ٢٠,٠٠٠,٠٠٠.
١٦- ئامێری تێکەلکردنی زاهی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢ بری پارە/ ٢٠,٠٠٠,٠٠٠.
١٧- ئامێری تێکەلکردن و تێکردنی تایت ژمارە/ ٢٥٤٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢ بری پارە/ ٣٠,٠٠٠,٠٠٠.
١٨- ئامێری تێکەلکردن و تێکردنی تایت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥ بری پارە/ ٣٠,٠٠٠,٠٠٠.
١٩- ئامێری تێکەلکردن تایت (خەلات) بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٢ بری پارە/ ١٢,٠٠٠,٠٠٠.
٢٠- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ١٥WRPES١V١PSO٣٤٧٧ دروستکراوی ئینگلتەرا مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی گاز توانای KV٥٠٠ بری پارە/ ٢٠,٠٠٠,٠٠٠.
٢١- ئامێری لێدانی لێبل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
٢٢- ئامێری تێکردنی زاهی ژمارە/ ZSP/٨-دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٢٣- ئامێری تێکردنی زاهی بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٢٤- ئامێری تێکردنی زاهی بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤ بری پارە/ ٢٥,٠٠٠,٠٠٠.
٢٥- ئامێری لێدانی بەروار ژمارە/ AP٤٦١ دروستکراوی بریتانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ بری پارە/ ٤,٥٠٠,٠٠٠.
٢٦- ئامێری لێدانی بەروار ژمارە/ AJ٧٦٣ دروستکراوی بریتانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ بری پارە/ ٤,٥٠٠,٠٠٠.
٢٧- ئامێری لێدانی بەروار ژمارە/ A٩١٨ دروستکراوی بریتانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ بری پارە/ ٤,٥٠٠,٠٠٠.
٢٨- ئامێری لێدانی بەروار ژمارە/ AP٤٠١ دروستکراوی بریتانی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ بری پارە/ ٤,٥٠٠,٠٠٠.
٢٩- ئامێری لێدانی لێبل بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.
٣٠- ئامێری لێدانی لێبل بێ ژمارە دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢ بری پارە/ ١٥,٠٠٠,٠٠٠.

* * *

دادگای کەتنی هەولێر
ژمارە: ١٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سرتیپ احمد مجید
ئاگادارکردنەوە
دادخواز (خلیفە احمد اسعد) داوای ژمارە (١٤/ك/٢٠١٩) یان لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری شارەوانی کۆیە بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٦ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٤٣٢ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ عثمان جمال القاضی

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٤٥/ج/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: ابراهیم خلدون ابراهیم
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٤٥/ج/٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٩ بڕیاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی پێنج سال و یەك مانگ بەپێی مادەی ٢٨٩-٢٩٨ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بڕیاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان

* * *

سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٤٣/ج/٢٠١٨/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: هەریم عاصی عبدالکریم
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٤٣/ج/٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/١٣ بڕیاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی پێنج سال و یەك مانگ بەپێی مادەی ٢٨٩-٢٩٨ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت ڕادەگەیەنین کە خۆت ڕادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بڕیاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بڕیاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە مادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٢/کفالە١/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ فرهاد حسین محمدامین
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٢/کفالە١/٢٠١٨ لە ٢٠١٨/١٢/٢٤ لەسەرت بەپێ بژاردنی بەبڕی (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار بەپێی مادەی (١١٩) لەیاسای (اصول) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ ئازادی - گولان لەسەنتەری قەزا- چوار چرا- ڕاپەڕین لە سنوری قەزای دەشتی هەولێر بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٦٠/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امیر عبدالحمید محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٦٠/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ ئازادی بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٦١/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ رشید نجات رشید و محمد احمد شاکر و ئیهان فیصل عباس
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٦١/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرتان بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٤/چوار مانگ) بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٩٣٦/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خلیل قادر مصطفی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٩٣٦/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/٢٦ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ ١٥٩ی گولان بڕیاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٦٠/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امیر عبدالحمید محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٦٠/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی/ ٨٨

www.xebat.net
ڕۆژنامەی خەبات
سێ شەممە 2019/4/30 ژمارە (5740)

زنجیرەی رووداوەکانی سودان



ڕەمزی میرەکانی

چوار مانگ پێش ئێستا، ناڕەزاییەکان لە سودان دەستیان پێ کرد، سەرتا مۆرکی داواکارییەکانی ئابووریی هەبوو، بەهۆی بەرز بوونەوەی نرخی کالا سەرەکییەکانی وەکو نان و سووتەمەنی، لەگەڵ کەمبوونەوەی پارەی کاش و پەیدابوونی قەیرانێکی توند لە بانکەکاندا. بەڵام هەر زوو ناڕەزاییەکان، کە لە ڕێکەوتی 19کانونی یەکەمی 2018سەریان هەڵدا، بۆ داواکاری سیاسیی گۆڕان، کە ئامانجیان لادانی سەرۆک عومەر ئەلبەشیر و گۆڕینی تەواوی ڕژێمەکەی بوو.

دەسەڵاتدارانی تەناهی ڕووبەڕووی ناڕازییەکان بوونەوە و هێزیان بەکارهێنا، کە ڕاپێچکردن، ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیکردن، هەڵکوتانە سەر مااڵن و تەقەکردنی گرتەوە، ئەوەش بووە هۆی کوژرانی دەیەها کەس و برینداربوونی سەدەهای دیکە. لە 11نیسانیشدا، سوپا سەرۆک ئەلبەشیری ناچارکرد، دەست لە پۆستەکەی هەڵگرێت، دوای گەورەبوونی قەبارەی ناڕازییەکان، کە گەیشتە سەرووی دوو ملیۆن کەس، لە دوایین هەفتەی دەسەڵاتی ئەلبەشیردا، نیوەی زیاتریان لەبەردەم بارەگای سەرکردایەتی سوپا، لەناوەڕاستی خەرتومی پایتەختدا، مانیان گرت، دووپاتییشیان کردەوە، پاشەکشە ناکەن، تاکو ئەلبەشیر لانەچێت، کە 30 ساڵ پێش ئێستا، بە کودەتایەکی سەربازیی دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەوەی خوارەوەش زنجیرەی گەشەکردنی رووداوەکانی سودانە، لە سەرەتاوە تاکو کەوتنی عومەر ئەلبەشیر:

یەکەم : کانونی یەکەمی 2018:

-ڕۆژی 19مانگ: سەدەها سودانی لە چەندین شار خۆپیشاندانیان کرد، لە ئاکامی بڕیارێکی حکومەت، بە بەرزکردنەوەی نرخی نان بۆ سێ قات، دوای کەمی نان لە بازاڕەکان بۆ ماوەی سێ هەفتە. خۆپیشاندەران بارەگاکانی پارتی (کۆنگرەی نیشتمانی) دەسەڵاتداریان لەسێ شوێن سووتاند. بەڵام ڕێکخراوێکی سەندیکایی نا فەرمیی، ڕێنمایی خۆپیشاندەرانی کرد و ئەوانیش لە دەوری کۆبوونەوە، لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆ، ئەو (گردبوونەوەیە) بووە سەرکردەی سەرەکییان، کە داوا لە خۆپیشاندەرەکان دەکات، داواکارییەکانیان ئاشتیانە بێت.

- ڕۆژی 20ی مانگ: خۆپیشاندەران هاواریان بۆ (ئازادی) و (گەل دەیەوێت ڕژێم بڕوخێت) کرد، هەشتیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئاسایش کوژران.

ڕۆژی دواتریش خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی خەرتوم و ئوم درمان دووبارە بوونەوە. دوای سێ ڕۆژیش، سەرۆک عومەر ئەلبەشیر، بۆ یەکەمجار دەرکەوت و بەڵێنی چاکسازی سەرپاستی دا.

- ڕۆژی 25ی مانگ: ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دووپاتی کردەوە، 37خۆپیشاندەر بە گوللە کوژراون. وڵاتانی بەریتانیا، ئەمریکا، نەرویج و کەنەدا، داوایان لە دەسەڵاتدارانی سودان کرد، پەنا بۆ تەقەکردن بە گوللەی زیندوو لە خۆپیشاندەران، دەستگیرکردنی ڕەمەکی و سەرکوتکردن نەبەن. سەرۆکیش وتی، خەڵکێکی خۆفرۆش، بەکرێگیراو و پیلانگێڕ ناڕەزایی دەردەبڕن، بەمەبەستی وێرانکردنی خۆرئاوای وڵات، خۆپیشاندانەکان دەستیان پێ کرد، کە چەندین ساڵ بوو، ملمالنێی چەکداریی لەدژی حکومەت هەبوو، کە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە 300هەزار کەسی سڤیل و پەراگەندەبوونی سەدەها هەزار کەسی دیکە. بۆ ڕۆژی دواتر، ئەلبەشیر، ڕایگەیاند خۆپیشاندانەکان نابنە هۆی گۆڕینی دەسەڵات.

سێیەم : شوباتی 2019:

-ڕۆژی 21ی مانگ: چەندین چاالک و نەیاری سیاسیی، لە خۆپیشاندانێکی تازە دەستگیر کران، کە دەیانویست بەردەو کۆشکی سەرۆکایەتی بڕۆن، ڕۆژی دواتریش، سەرۆکی سودان، ڕەوشی تەنگەتاوی و هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ڕاگەیاند.

- ڕۆژی 24مانگ: محەمەد تاهیر ئیللا، سەرۆکی تازەی حکومەت، سوێندی دەستووری خوارد، بەاڵم ناڕازییەکان لەسەر خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوون و، گوێیان بە بڕیارەکانی ئەلبەشیر نەدا، بە ڕاگەیاندنی ڕەوشی تەنگەتاویشەوە.

چوارەم: ئاداری 2019:

-ڕۆژی 1ی مانگ: ئەلبەشیر سەرۆکایەتی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی، ڕادەستی ئەحمەد هارون کرد، بەهۆی ڕەوشی تەنگەتاویی و دەستگیرکردنەکانەوە، ڕیتمی خۆپیشاندانەکان خاو بوویەوە، بەاڵم لە شارەکانی خەرتوم و ئوم درمان، هەر بەردەوام بوو.

پێنجەم : نیسانی 2019:

-ڕۆژی 6مانگ: خۆپیشاندانەکان دەستیان پێ کردەوە، ناڕازییەکان بە چڕی لەبەردەم بارەگای سەرکردایەتی سوپا لە خەرتوم کۆبوونەوە، بۆ جاری یەکەمیش لە ساڵی 1985دا، خۆپیشاندەران هەر لەوێ کۆبوونەوە، کە بووە هۆی لادانی دەسەڵاتی سەرۆکی پێشووتر جەعفەر ئەلنومێری.


- ڕۆژی 8مانگ: ناڕازییەکان داوای کردنەوەی (پەیوندی بەردەوام)یان لەگەڵ سوپا، لە پێناوی (ئاسانکاریی بۆ ڕاییکردنی پرۆسەی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەاڵت)کرد.لە ڕۆژی دواتر، سوپا بەگژ هێزەکانی ئاسایشدا چوو، کە دەیویست بەزەبری هێز خۆپیشاندەران بااڵوە پێ بکات. هەر لەهەکان ڕۆژدا، پۆلیس فەرمانی بە هێزەکانی کرد (توخنی کەسانی مەدەنی و گردبوونەوەی ئاشتیانە نەکەوێت)، ئاماژەی بە گرنگی (سازان لەسەر گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەاڵت)یشدا کرد. لەو ڕۆژەدا 11کەس کوژران، لەوانە شەشیان ئەندامی هێزەکانی ئاسایش بوون، کە لە کاتی خۆپیشاندانەکان لە خەرتوم کوژران، بە گوێرەی وتەکانی وتەبێژی حکومەت.

- ڕۆژی 11ی مانگ: شەشەمین ڕۆژی مانگرتن بوو، لەبەردەم بارەگای سەرکردایەتی سوپادا، عەوەز بن عەوف، وەزیری بەرگری سودان، لادانی ئەلبەشیر و هێشتنەوەی لەژێر مانەوەی بە تۆپێزی ڕاگەیاند. هەروەها (پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سەربازیی گواستنەوەیی ڕاگەیاند، کە دەسەاڵتی وڵات، بۆ ماوەی گواستنەوەیی، کە دوو ساڵە، بگرێتە دەست). هەرچەندە هاتوچۆکردن قەدەغە کرا، کەچی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان، داوای بەردەوامی مانگرتنیان کرد، ئەوان کودەتایان ڕەت کردەوە. چەندین وڵاتی وەکو ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپاش، داوایان لە سەربازییەکان کرد، کەسانی مەدەنیش لە پرۆسەی گواستنەوەیی بەشداری پێ بکەن.


- ڕۆژی 12ی مانگ: ئەنجومەنی سەربازیی گواستنەوەیی، بەڵێنی گفتوگۆی لەگەڵ قەوارەکانی سیاسیی و پێکهێنانی حکومەتێکی مەدەنی دا. ڕاشیگەیاند، سەرۆک ئەلبەشیر، ڕادەستی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی ناکرێت. لە هەنگاوێکی لەناکاویشدا، عەوەز بن عەوف، سەرۆکی ئەنجومەنی سەربازیی گواستنەوەیی، وازهێنانی لە پۆستەکە ڕاگەیاند و سەربازییەکی دیکەی لە شوێنی خۆی دانا، ئەویش عەبدولفەتاح ئەلبورهانە، خۆپیشاندەرانیش بە خۆشییەوە پێشوازییان لەو هەواڵە کرد.

سەرچاوە: HYPERLINK
www.aawsat.com
www.aawsat.com

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1789:
جۆرج واشنتۆن بوو بە یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا .



ساڵی 1812:
لویزیانا چووە ریزی ویلایەتەکانی ئەمەریکا و بوو بە ویلایەتی ژمارە . 18



ساڵی 1975:
هێزەکانی ڤیێتنامی باکور شاری سایگۆنی کۆنترۆڵ کرد .



ساڵی 1980:
خاتو جولیانیای شازنی هۆڵەندا عەرشی وڵاتەکەی ڕادەستی پیاترێکسی کچەکەی کرد .



ساڵی 1984:
ئەمەریکا و چین یەکەم ڕێککەوتنی هاوکاری ئابووریان مۆر کرد .



ساڵی 2018:
ساجد جاویدی بەرەگەز پاکستانی وەک وەزیری ناوخۆی بەریتانیا دەستبەکار بوو .

کیم یۆنگ ئون...

بەرەو رووسیا وەرگەڕێ!



ئا: هەندرین شێرزاد

ڕۆژی 25ی نیسان ، کیم یۆنگ ئونی سەرۆکی کۆریای باکور بە سەردانێک گەیشتە دوورگەیەکی نزیک شاری ڤلادیڤۆستۆکی ڕووسی و لەوێ چاوی بە ڤلادیمێر پوتن کەوت . زۆربەی بۆچوون و لێکدانەوەکان پێیان وایە سەرۆکی کۆریای باکور لەم سەردانەیدا دەخوازێ پەیامێک بە ئەمەریکا و سەرۆکەکەی بگەیەنێ و پێیان بڵێ: واشنتۆن تاکە هێز نیە کە توانای داڕشتنی ئەجیندایەکی تایبەت بە پرۆگرامی ئەتۆمی پیۆنگ یانگی هەیە .

هیوادارین هەردوولا باشتر لەو شێوازانە بگەین کە دەبنە مایەی یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە نیمچە دوورگەی کۆریا و بزانین چیمان لەدەست دێ بیکەین

لەنێو حەرەمی زانکۆیەکدا

دوای گەیشتنی سەرۆکی کۆریای باکور بۆ شاری ڤلادیڤۆستۆکی ڕووسیا ، کیم یۆنگ ئون ڕووی کردە شوێنی کۆبوونەوە لەگەڵ ڤلادیمێر پوتنی سەرۆکی ڕووسیا کە حەرەمی زانکۆی شارەکە بوو . لە کاتی گەیشتنی کیم ، هەردووک سەرۆک بە زەردەخەنەوە تەوقەیان کرد و بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە ، پوتن لە ڕاگەیاندنێکی کورتخایەندا وتی : هیوادارین هەردوولا باشتر لەو شێوازانە بگەین کە دەبنە مایەی یەکلاکردنەوەی کێشەکان لە نیمچە دوورگەی کۆریا و بزانین چیمان لەدەست دێ بیکەین . هەروەها وتی: بێگومان پێشوازی لە هەوڵەکانی کیم دەکەین لە پێناوی پێشخستنی گفتوگۆی نێوان هەردوو کۆریا و ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان کۆریای باکور و ئەمەریکا .

خواستەکانی کیم لە سەردانەیدا کیم یۆنگ ئون چەند مەبەست و ئامانجێکی هەبوو لەوانە:

یەکەم :

کۆتایی ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 10هەزار کرێکاری کۆریای باکور کە لە بواری بڕینی دار لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی ڕووسیا کاریان دەکرد ، هەڕشەی دەرکردنیان لێ کرابوو ، ئەمەش بە گوێرەی بڕیارەکەی ساڵی 2017ی نەتەوە یەکگرتوەکان کە تایبەت بوو بە سەپاندنی سزا بەسەر ئەم وڵاتە . ئەم کرێکارانە کە پێشتر ژمارەیان نزیکەی 50هەزار کەس بوو وەک بانکێکی داهات بوون و ساڵانە چەندین ملیۆن دۆلاریان ڕەوانەی وڵاتەکەیان دەکرد ، بۆیە لەم سەردانەدا سەرۆکی کۆریای باکور ئەم بابەتەی لەگەڵ پوتن باس کردووە .

دووەم:

هەروەها پێدەچێ هەردووک سەرۆک باسیان لە ئەگەری کەمبوونەوەی خۆراکیش کردبێ لە وڵاتی کۆریا پێشتر ڕووسیا ڕەزامەندی پیشان دابوو لەوەی یارمەتی مرۆیی پێشکەشی کۆریای باکور بکات .

ئامانجە قووڵەکان

وێڕای هەموو ئەو قسەوباسەی لە واشنتۆن دەربارەی دامالینی چەکی ئەتۆمی کۆریای باکور لە ئارادایە ، بەڵام ئامانجی سەرەکی کیم لە نزیکبوونەوە لە پوتن هەوڵدانە بۆ باشکردنی بارودۆخی ئابووری وڵاتەکەی ، بە تایبەتیش دوای شکستهێنانی دوایین کۆبوونەوەی لەگەڵ ترامپ . ئەو ئەگەرچی چین بە هاوبەشێکی سەرەکی بازرگانی دەزانێ ، بەڵام ئاگشی لەوەیە کە هەوڵەکانی بۆ یەکخستنەوەی هەردوو کۆریا ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە بەو پێیەی کۆریای باکور دۆستێکی نزیکی واشنتۆنە .بە گوێرەی زانیاریەکان ، کیم دەیەوێ تا ساڵی 2020ئاستی بازرگانی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕووسیا بگەیەنێتە یەک ملیار دۆلار ، زۆر لە بەرپرسانیش باسی ئەگەری جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی ستراتیژیی گەورەیان کردووە ، بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا پوتن زۆر گوێی بەو بابەتە نەدا .

لەبەرچی ئێستا؟

دوایین کۆبوونەوەی شاری ڤلادیڤۆستۆکی ڕووسیا لەنێوان هەردوو سەرۆک درەنگوەخت ساز کرا ، چونکە ساڵ و نیوێک بەسەر بڕیاری کیمدا تێپەڕیوە کە سەبارەت بە دەرچوون لە گۆشەگیریی و کرانەوە بەڕووی جیهاندا داویەتی . لەو کاتەوە چوار جار لەگەڵ سەرۆکی چین و سێ جار لەگەڵ سەرۆکی کۆریای باشوور و دوو جاریش لەگەڵ ترامپ کۆبوونەتەوە .ئەگەر چیش ئەم کۆبوونەوانە تا ڕادەیەک بوونەتە هۆکارێک بۆ گێڕانەوەی کیم بۆ نێو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی ، بەڵام دوایین کۆبوونەوەی هانۆی دەریخست کە مەسەلەکە سنووردارە .

پوتنیش بێدەنگی نواند

لە نێو سەرکردەکانی دیکەی جیهان ، پوتن لە هەموویان شارەزاترە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرکردەکانی کۆریای باکور . ئەو پێشتر ساڵی2000 سەردانی پیۆنگ یانگی کردووە و لە مۆسکۆش چاوی بە کیم یۆنگ ئیلی باوکی سەرۆکی ئێستا کەوتووە ، ساڵی 2002بە هەمان شێوە ، لەوڵاش دیمتری میدڤێدیڤی سەرۆکی پێشووی ڕووسیا ساڵی 2011لەگەڵ ئیل کۆبوونەتەوە . نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە مۆسکۆ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە گەیاندنی کیم ئیل سۆنگی باپیری سەرۆکی ئێستا بۆ دەسەڵات و لە بونیادنانەوەی کۆریای باکوری دوای شەڕیش ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە . ئێستاش ئەگەرچی ڕووسیا ڕازی نیە بەوەی واشنتۆن سەپاندنی سزا وەک کارتێکی گوشار بەکار بێنێ ، بەڵام پێدەچێ پوتن کێشەی تری هەبێ و بواری ئەوەی نەبێ پەیمانی زیاتر بە کۆریای باکور بدات .


دواتر چی ؟

لە کاتێکدا ئەگەر پوتن بڕیار بدات زیاتر خۆی بخزێنێتە نێو کاروباری کۆریای باکور ، ئەو کاتە هەوڵەکانی واشنتۆنیش لە پێناوی دامالینی چەکە ئەتۆمیەکانی ئەم وڵاتە ئاڵۆزتر دەبن . ڕاستە پوتن ناڕەزایی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی واشنتۆن دەربڕی و لەگەڵ چینیش کار بۆ لاوازکردنی هەژموونی ئەمەریکا دەکەن لە ناوچەکە ، بەڵام ناشخوازن دارمانێکی لەپڕ لەم وڵاتە ببێتە مایەی خولقاندنی تەنگژە و ناسەقامگیریەکی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان.

پوختە

تەنانەت ئەگەر پوتن نەشخوازێ گۆڕانکاری خێرا بەسەر سیاسەتەکانی بەرامبەر کۆریای باکور دابێنێ ، بەڵام کۆبوونەوەکەی لەگەڵ کیم دەرفەتێکی باشی خولقاند بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە کە بەشێکی گرنگی نێو گۆڕەپانی سیاسیە . لەوڵاشەوە کیم یۆنگ پێی وایە ئەگەر واشنتۆن بەم نزیکانە گوشارەکانی کەم نەکاتەوە ، ئەو هەموو بژاردەکان بە کراوەیی بەجێ دێڵێ .

تەکنۆقرات



وەک بزووتنەوەیەک ساڵی 1932لە ئەمەریکا سەری هەڵدا . ئەو کاتە تەکنۆقراتەکان بڕیتی بوون لەو ئەندازیار و تەلارساز و ئابووریناسانەی کە لە بوارەکانی زانستدا کاریان دەکرد و داوای پێوانی دیارەدە کۆمەڵایەتیەکان و بڕیاردان لە بارەیان دەکرد ، هاوکات پێیان وابوو کە ئابووریەکانی نێو سیستمی کۆمەڵایەتی ئەوەندە ئاڵۆزن کە پیاوانی سیاسەت تێی ناگەن و ناتوانن کۆنترۆڵیان بکەن ، بۆیە دەبێ ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری بە زانا و ئەندازیاران بسپێردرێ .

مانشێت



سکای نیوز :
سۆسیالیستەکان ڕایانگەیاند کە لە هەڵبژاردنی ئسپانیا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە .



بی بی سی:
حکومەتی سریلانکا بڕیاری قەدەغەکردنی نیقابی لە شوێنە گشتیەکان دا .



ئەلجەزیرە:
پاپای ڤاتیکان نیو ملیۆن دۆلاری بۆ پەنابەران تەرخان کرد .



ئەلشەرقولئەوسەت:
بەهۆی ماندووبوون و نەخۆشی 270کارمەندی تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی ئەندەنوسیا گیانیان لەدەست دا .



ئەی ئێف پی :
جارێکی دیکە دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا هێرشی کردەوە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی نادروست تۆمەتباری کردن .



کەنالی ئار تی :
لە ڕۆژئاوای شاری مۆنتریالی کەنەدا بەنداوێک دارما و دەسەڵاتداران 5هەزار کەسیان لە ناوچەکانیان دوور خستەوە .



سوودەکانی گۆشتی قەل

گۆشتی قەل سوودی زۆری هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی زۆری ئەو بواره دەریدەخات گۆشتی قەل بەسوودترین گۆشتی باڵندەیە و پڕۆتین و نیاسین و ڤیتامینەکانی B12,B6,و ئاسن و سیلینیۆم و زینگ (توتیا)ی تێدایە و بە تەڕترین جۆری گۆشت دادەندرێت کە پڕۆتینی تێدا بێت و هەرسکردنی لە گشت گۆشتی باڵندەکانی دیکە ئاسانترە.

گرنگترین سوودەکانی خواردنی گۆشتی قەل بریتییە:-

یەکەم: گۆشتی قەل ماددەیەکی تێدایە پێی دەوترێت Trytophan بەسوودە بۆ چارەسەری هەستەوەری و ئازاری جومگەکان ئەو ماددەیەش دەردەکەوێت وەک پاشماوەی شیبوونەوەی گۆشتی قەل لە حەوتەم: ئاسنی تێدایە کە ڕێگری لە کەم خوێنی دەگرێت.

هەشتەم: هاوکارە لە بەرهەمهێنانی وزە.

نۆیەم: ڕێگرە لە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکرە لە لایان ئەو کەسانەی نەخۆشیی شەکریان هەیە.

یازدەهەم: خەمۆکی چارەسەر دەکات.

دوازدەهەم: هاوکارە لە کاتی ڕەقبوونی شانەکان.

سێزدەهەم: یارمەتیدەرە بۆ حەسانەوە و نوستن.

چواردەهەم: هەستی برسێتی ناهێڵێت چونکە ئاستی (سی سی کەی) بەرز دەکاتەوە، لە دوای خواردنی گۆشتی قەل تاکو چەند کاتژمێرێک هەست بە برسێتی ناکرێت.

بەرهەمێکی لاوەکی، لە هەمانکاتدا گۆشتی قەل سوودی زۆری بۆ جەستە هەیە و ژمارەیەکی زۆر پڕۆتین و هۆرمۆنەکان لە نێو جەستەدا دروستەکات وەک سیرۆتینین کە بارودۆخی دەروونی باش دەکات و میلاتۆنین کە هاندەرە بۆ خەوتن کە ڕوودەدات ئەگەر مرۆڤ بڕێکی زۆر لە گۆشتی قەل بخوات.

دووەم: مرۆڤ لە نەخۆشیی شێرپەنجەییەکان دەپارێزێت.

سێیەم: هانی چالاککردنی دەرهاوێژی دەرەقی دەدات.

چوارەم: کۆ ئەندامی بەرگری بەهێز دەکات.

پێنجەم: پڕۆتینی تێدایە کە ماسولکەکان دروستەکات و دەیانپارێزێت.

شەشەم: بەهۆی کەمی چەوری بەسوودە بۆ خۆپاراستن لە قەڵەوی.

چۆن هەنگوینێکی بەسوودمان دەستدەکەوێت

زۆر کەس هەنگوین دەخوات بۆ بەدەستهێنانی تامێکی شیرینی خۆش و چەند سوودێکی تەندروستی، بەڵام ئەو خۆراکە ئەفسانەیە کە لە دێر زەمانەوە ناسراوە سوودی تەندروستیی نابێت ئەگەر هەنگوینێکی ساغ نەبێت و بە ڕێگایەکی نا دروست پالێتورابێت یان مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت.

بە گوێرەی مالپەڕی (مایند بادی گرین) ئەو کەسانەی هەنگوین لە دەخۆن دەتوانن دڵنیابنەوە لە تەندروستی و باشی هەنگوین لە



ڕێگای چەند هەنگاوێکی ئاساند وەک:

یەکەم: باشترە هەنگوین بە شێوە خاوەکەی بکڕدرێت کە دەستکاری لەگەڵدا نەکرابێت چونکە هەنگوینی مامەڵەکراو ئەگەری هەیە گەرمکرابێتەوە بە پلەیەکی گەرمی بەرز کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی زۆرێک لە تۆخمە خۆراکییە بەسوودەکان.

دووەم: ئەگەر تۆ لەو کەسانەی کە بەدوای خۆراکی ئۆرگانی دەگەڕێیت ئەوە لەگەڵ هەنگوین سەرناکەویت چونکە کەس نازانێت هەنگەگە سەرچاوەی کۆکردنەوەی شیلە و هەڵاڵەی چی بووە.

سێیەم: ئەوەی زۆر گرنگە لە کاتی کڕینی هەنگوین دڵنیابوونەوە لە شوێنی لەوەڕاندنی هەنگەکە ئایا قڕکەری کیمیایی و مێروو کوژی تێدا بەکار هاتووە یان نا.

شایانی ئاماژەیە هەنگوین بە چەند ڕەنگێک دەبینرێت بەهۆی جیاوازی وەرز و ئەو گوڵانەی هەنگ لەسەریدا دەڵەوڕێت، شارەزایانی بواری هەنگ ئامۆژگاری کڕیاران دەدەن گرنگی بە ڕەنگ بدەن.

ئەو هەنگوینەی لە ئەنجامی لەوەڕی پایزەدا بەرهەمهاتبێت ڕەنگەکەی تاریکترە و تامەکەی قورسترە، بەڵام هەنگوینی بەهارە ڕەنگی کراوەترە و تامەکەشی سووکترە.

گرنگی توخمەکانی توتیا و بۆڕۆن بۆ داری زەیتوون

لێکۆڵینەوە زانستییە باوڕپێکراوەکان گرنگی زۆری هەردوو توخمی بۆڕۆن و توتیا (زینگ) بۆ خۆراکدانی داری زەیتوون بۆ زیاد کردنی بەرهەم دەردەخەن لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی نەهێشتنی دیاردەی جیاوازی بەرهەم لە نێوان دووساڵدا ئەو دیاردەیە تا ڕادەیەکی زۆر کەم دەبێتەوە و ئاستی زەیتی بەدەستهاتوو لە بەری زەیتوون زیاد دەکات و ساڵ لە دوای ساڵ بەردەوامی بە بەرهەمی زۆری زەیتوون دەدات.

ڕشاندنی داری زیتوون بە توتیا و بۆڕۆن کاریگەری ئەرێنی لەسەر تێکڕای دریژی لکە نوێکان دەبێت لە هەمانکاتدا کاریگەری لەسەر ڕووبەری ڕووی گەڵاکان دەبێت.

ڕشاندنی گەڵاکان بە بۆڕۆنی تێکەڵکراو بە توتیا (زینگ) پێش پشکوتنی گوڵەکان کاریگەری باشی لەسەر ژمارەی گوڵی یەکمانگە (نێرە و مێ لەسەر یەک گوڵ بێت) هەیە و ژمارەی گوڵە نێرینەکان کەمتر دەبێت ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرهەم.

ڕشاندنی گەڵاکان بە تێکەڵەی ئەو دوو تۆخمە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی تۆخمە گەورە و بچووکەکان لە نێو گەڵادا.

باشترین کات بۆ ڕشاندنی داری زیتوون پێش پشکوتنی گوڵەکانیەتی و دوای دەرکەوتنی گۆپکەکان.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی تۆخمی بۆڕۆن بریتییە لەوەی کە بەهۆی بارانەوە لە وەرزی بەهاردا دەشۆرێتەوە بۆیە لە وەرزی بەهاردا لەگەڵ باران بارینی بە خوڕ و دابەزینی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بۆڕۆن بە ڕادەیەکی زیاتر لە کەمبوونەوەی کالیسیۆم. کەمبوونەوەی تۆخمی کالیسیۆم ڕاستەوخۆ کەمی تۆخمی بۆڕۆنی بەدواوە دێت و نیشانەکانی لەسەر ڕووک دەردەکەوێت بە تایبەتی لەو زەویانەی کە تفتن و پلەی ترشییان لە نێوان 7.1بۆ 8.1پلەیە. باشترین پلەی ترشیی پێویست بۆ هەڵمژینی بۆڕۆن بریتییە لە 6.7پلە.

تۆخمی بۆڕۆن ڕۆڵی گرنگ لە پڕۆسەی دابەشبوونی خانەکان و گواستنەوەی شەکرەکان و بەرزبوونەوەی توانای مژینی کالیسیۆم دەگێڕێت. بۆڕۆن ڕۆڵی هەیە لە خۆراکدانی ڕووەک و باشکردنی جۆری بەرهەم بۆ نموونە تووێکڵ ئەستوور دەکات و توانای داکردنی بەرەکە دوای ڕنین باشتر دەکات بە دروستکردنی پێپاتەیەکی ئاڵۆز لە شەکر.

پێویستە کەمی بۆڕۆن چارەسەر بکرێت تەنها زیادکردنی نایترۆجین و پۆتاس نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەم لە کاتێکدا لە کاتێکدا ئەگەر بڕی بۆڕۆن لە خاکدا کەمبوو.

زینگ یان توتیا توخمێکی گرنگە لە ژیانی ڕووەک ئەو توخمە گرنگە بۆ بەرهەمهێنانی کلۆرۆفیل لە هەمانکاتدا زینگ لە پێکهاتەی زۆر لە ئەنزیمەکاندا هەیە و چالاکییەکان لە نێو ڕووەک زیاد دەکات، هەروەها توتیا هانی دروستبوونی ئاوێتەکانی گەشەکردن لە نێو ڕووەک دەدات.

توتیا فاکتەرێکی یاریدەدەرە لە کرداری سوتانی خۆراک بۆ وەزە و بەرپرسە لە کرداری بەکارهێنانی شەکر لە نێو ڕووەکدا. ئەوەو توتیا ڕۆڵێکی یاریدەدەری هەیە لە کرداری هەڵمژینی ئاو بەوەش دیاردەی باقۆبوونی ڕووەک ناهێڵێت.

داری زەیتوون لەو ڕووەکانەیە کە توانای بەرگری کەمی توخمی زینگی هەیە تا ڕادەیەکی دیاریکراو پاشان نیشانەی کەمبوونەکەی لەسەر دەردەکەوێت کە بریتییە لە کورتە باڵایی (باقۆبوون) و کورتی نێوان گرێیەکان و زەردبوونی گەڵا بچووکەکان و نێوان دەماری گەڵاکان و گەڵاکان ئەستورتر دەبێت.

بە شێوەیەکی گشتی کەمی زینگ لە خاکی تفت و دەوڵەمەند بە فۆسفۆر و تەڕی کەم ماددەی ئۆرگانی دەردەکەوێت.



بنەماکانی تێکەڵکردنی قڕکەرە کیمیاییەکان

پڕۆسەی تێکەڵکردنی قڕکەرەکان بە مەترسیدارترین کردار دادەندرێت کە شارەزایان و جوتیاران بە مەبەستی دەستکەوتنی ئەنجامی باش پەنای بۆ دەبەن، بەڵام ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت.

سەرەتا پێویستە پێناسەیەکی قرکەری کیمیایی بکەین، کە بریتییە لە ماددەیەکی کاریگەر بە خەستییەکی دیاریکراو بەکار دێت بۆ لەناوبردنی دەردێکی کشتوکاڵیی دیاریکراو و ئەنجامی باش و سەرکەوتووی دەبێت.

لە کاتی تێکەڵکردنی قڕکەرەکان چەند زیانێکی لێدەکەوێتەوە، هەنگاوی یەکەم زیانی ڕاستەوخۆیە وەک سوتان یان لەناوبردنی ڕووەک وەک چۆن لە کاتی بەکارهێنانی قڕکەرە مسییەکان ڕوودەدات یان لە کاتی تێکەڵکردنی قڕکەرەکانی گژوگیا لەگەڵ قڕکەرەکانی دیکەدا. مەترسی دووەم بریتییە لە دروستبوونی ئاوێتەی سێیەم کە جیاوازە لە هەردوو قڕکەری تێکەڵکراو ئەوەش هۆکارە بۆ توشبوون بە چەندین نەخۆشیی وەک شێرپەنجە و لە کارکەوتنی گورچیلە و نەخۆشییەکانی جگەر.

مەترسیی سێیەم بریتییە لەوەی کە هەر قڕکەرێک کاریگەری قڕکەرەکی دیکە کەمدەکاتەوە بەوەش دەردە کشتوکاڵییەکە بەرگری دژی هەردوو قڕکەر پەیدا دەکات.

جۆنیەتی زانینی توانای تێکەڵکردن؟

هەندێک کۆمپانیا کە جێگای متمانەی زۆرن لەسەر دەفری قڕکەرەکە دەنوسن و تیوبێکی تاقیکردنەوەی بەتاڵ دەهێنن و 1سم سێجا لە هەر قڕکەرێک دەهێنن و تێکەڵ یەکدیان دەکەین ئەگەر هەڵچوون یان نیشتن یان بەسەرئاو کەوتن ڕویدا ئەوە نیشانەی نەگونجانی تێکەڵکردنەکەیە.

بنەما دروستەکانی تێکەڵکردنی قڕکەرەکان

مەبەست لە تێکەڵکردنی قڕکەرەکان بریتییە لە کورتکردنەوەی کات و ماندیبوون و تێچووە لە هەمانکاتدا بۆ ئەوەیە کە توانای لەناوبردن و کاریگەریی قڕکەرەکان زیاد بکرێت. لە کاتی تێکەڵکردنی دوو قڕکەر ئەم بنەمایانە پیادە دەکرێت:-

یەکەم: گۆگرد لەگەڵ هیچ قڕکەری دیکە تێکەڵ ناکرێت واتا بە تەنها کەرەی (مس)ی تێدایە لەگەڵ قڕکەری دیکە تێکەڵ ناکرێت.

دووەم: ئەو قڕکەرانەی بۆ لەناوبردنی جاڵجاڵۆکە بەکار دێت تێکەڵی قڕکەری دیکە ناکرێت.

چوارەم: بە باش نازانرێت پەینە گەلاییەکان لەگەڵ قڕکەرەکان تێکەڵ بکرێت بە تایبەتی ئەوانەی گەڕوو کوژن.

پێنجەم: هەرگیز قڕکەری مێروو کوژ لەگەڵ قڕکەرە کەڕوو کوژەکان تێکەڵ ناکرێت.

شەشەم: قڕکەرە کەڕوو کوژەکان تێکەڵی زەیتە توخمییەکان ناکرێت.

حەوتەم: قڕکەرە کەڕوو کوژەکان تێکەڵی قڕکەری دیکە تێکەڵ ناکرێت.

هەشتەم: ئاوی دێراو بۆ گرتنەوەی تێکەڵەکان و قڕکەرەکان بەکار نایەت.

نۆیەم: قڕکەرە مسییەکان لە وەرزی گوڵکردندا بەکار نایەت کاریگەری لەسەر دەنکە هەڵاڵەکان دەبێت.

دەیەم: ڕشاندن لەو کاتەی کە پلەی گەرمی بەرز ئەنجام نادرێت.

یازدەهەم: قڕکەرە مسییەکان تێکەڵ بە قڕکەرە فسفۆرییەکان ناکرێت چونکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی قڕکەرە فسفۆرییەکان.

دوانزەهەم: قڕکەری مێرووکوژی فۆسفۆری تێکەڵ بە هەویری بۆردۆ ناکرێت.

سێزدەهەم: ئەو قڕکەرە ئۆرگانییە فسفۆریانەی کە (بیربان و مالاسیۆن) یان تێدایە تێکەڵ بەو گیراوانە ناکرێت کە مانکۆزیب (ئەنادۆڵ)ی تێدایە.









بەئامادەبوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان

یاریی کۆتایی خولی برایەتی بۆ تیپەکانی کەمپەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو

پێڕێ هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر بانگهێشتی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە هەولێرو دەزگای خێرخوازیی بارزانی، لەکۆڵێژی پەروەردەی وەرزشی، ئامادەی یاریی کۆتایی خولی برایەتی بۆ تۆپی پێی بجووککراوە بوو کە بۆ سەرجەم تیپەکانی کەمپەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ڕێکخرابوو، مەبەست لە ڕێکخستنی ئەوجۆرە خولانە فەراهەمکردنی کەشێکێ ئارام و ئاسوودەیە بۆ ئاوارەکان.
یاری کۆتایی خولەکەش کە بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و سەرۆکی یەکێتیی تۆپی پێی عێراق بەڕێوەچوو، لەنیوان تیپی کەمپی دیبەگەو تیپی کەمپی دارەشەکران بوو و لە ئەنجامدا تیپی کەمپی دارەشەکران توانیی بە ٤ گۆڵ بەرامبەر بە . گۆڵ یارییەکە بباتەوە.
شایەنی باسە دوای هیرشەکانی داعش بۆ سەرعێراق و سووریا بەشێکی زۆر لەم خەڵکانە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، لەلایەن خەڵکی هەرێمی کوردستان سەرەڕای بوونی قەیرانی دارایی باوەشییان بۆ کرایەوە.

ئەمڕۆ پێشمەرگەی هەولێر بەبردنەوە و یەکسان بوون دەبێتە پاڵەوانی خولی کوردستان



لەیارییەکانی قۆناخی دووەم و گەڕی بیست وپێنجەمینی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان ئەمڕۆ سێشەممە کاتژمێر 3، 30خولەک چەند یارییەکی گرینگ لەشارو شارۆچکەکان بەڕێوەدەچێت، لە گرنگترین یاریشدا هەردوو یانەی پێشمەرگەی هەولێر و هەندرێن لەنێو یاریگای پیرمام ڕووبەرووی یەکتردەبنەوە، یارییەکە بۆ پێشمەرگەی هەولێر تارادەیەکی زۆر گرینگە، چونکە بەبردنەوە و یەکسانبوون لەیارییەکەی ئەمڕۆ بەرانبەر هەندرێن ڕاستەوخۆ پێشمەرگەی هەولێر دەبێتە پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان ، گرینگی یارییەکەی ئەم دوو یانەیە لەوە سەرچاوە دەگرێت ناسنامەی پاڵەوانی ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان لەم یارییە دەردەکەوێت، لەبەرانبەردا یانەی هەندرێنیش هەوڵی بردنەوە و بەدەستهێنانی 3خاڵی یارییەکە دەدات،هەندرێن لەکۆی 24 یاری 29خاڵی کۆکردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر یانەی هەندرێن لەپێشمەرگەی هەولێر بباتەوە چەند هەنگاوێک بەرەو پلەکانی پێشەوە دەهاوێژێت، بۆیە یارییەکە بۆ هەردوولا گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە و هەردوولا جگە لەبردنەوە بیر لەهیچ ئەنجامێکی دیکە ناکەنەوە.
لەلایەکی دیکەوە هەر لەشاری هەولێر و لەیاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆ هەریری ، یانەی هەولێری بریندرا پێشوازی لەیانەی ئارارات دەکات، ئەمڕۆ هەولێر جگە لەبردنەوە بیر لەهیچ ئەنجامێکی دیکە ناکاتەوە، چونکە بەبردنەوەی لەئارارات مەترسی دابەزینی بۆ خولی یانە پلە یەکەکان کەمتر دەبێت ، بۆیە هەولێر ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ئامادەکاری کردووە بۆ یاریەکە و هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ تا بەهەر نرخێک بێت لە یاریەکە سەرکەوتوو بێت، لەبەرانبەردا ئاراڕتیش بۆ بردنەوە بەرانبەر قەڵای زەرد دەجەنگێت، بەتایبەتی لەکاتی دۆراندنی نەورۆز لەگەڵ دەربەندیخان ئەوا ئارارات لەکاتی بردنەوەیدا ڕاستەوخۆ دەچێتە پلەی دووەمی ڕێزبەندی خولەکە، بۆیە یاریەکەی هەولێر و ئارارات چارەنووسساز دەبێت و هەولێر بۆ خۆ ڕزگارکردن لەدابەزین بۆ ڕێزی یانە پلە یەکەکان یاری دەکات، ئاراڕاتیش بۆ دەستەبەرکردنی 3خاڵی یاریەکە بێگومان دەچێتە پلەکانی دووەم .
خشتەی یاریەکانی دیکە بەمشێوەیە دەبێت:
دەربەندیخان *نەورۆز
زێرەڤانی *زاخۆ
دهۆک *گازی باکوور
شێروانە *پێشمەرگەی سلێمانی

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین



ئافرەتانی بەرشلۆنە دەسکەوتێکی مێژوویی تازەیان بۆ ئیسپانیا تۆمارکرد

تیپی ئافرەتانی یانەی بەرشلۆنە توانی دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ ئافرەتانی تۆپی پێی ئیسپانی تۆمار بکەن، کە یەکەمین یانەی ئیسپانی دەبێت دەگاتە کۆتایی پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای کچان.یانەی بەرشلۆنە لەیاریی پێش کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە ، زۆر بەزەحمەتی توانی لە یانەی بایرن میونشن بباتەوە بەئەنجامی 0-1 گۆڵ، گۆڵەکەی بەرشلۆنەش بەلێدانی پەنالتی لە پێش کۆتایی گێمی یەکەم لەلایەن ماریۆنا کالدینتی کچە ئەستێرەی بەرشلۆنە تۆمار کرا.

پێشانگایەکی فۆتۆی وەرزشی بەناونیشانی ئەزموونی دیار ڕەحمان کرایەوە

ڕۆژی 28/4/2019لەگەڵەڕی میدیای شاری هەولێر ، پێشانگایەکی فۆتۆی وەرزشی بەناونیشانی ئەزموونی دیار ڕەحمان لەلایەن فۆتۆگرافەری وەرزشی شاری هەولێر ئومێد ئیبراهیم کرایەوە.
بەچاودێری خالد دۆسکی وەزیری ڕۆشنبیری وڵاوان بەئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان سەفین کانەبی یەکەمین پێشانگای فۆتۆی وەرزشی لەژێر ناونیشانی ئەزموونی دیار ڕەحمان لەلایەن فۆتۆگرافەری وەرزشی ئومێد ئیبراهیم کرایەوە، پێشانگایەکە ماوەی دۆرژی خایاندو کۆمەڵێک وێنەی جۆراو جۆری وەرزشی لەسەرجەم بوارەکاندا نمایش کرا.
لەبارەی کردنەوەی پێشانگایەکە فۆتۆگرافەری وەرزشی ئومێد ئیبراهیم ڕایگەیاند: دوای شەش ساڵ ئەزموونی کارکردنم لەبواری فۆتۆگرافەری وەرزشی و پاش ئەرشیف کردنی وێنەیەکی زۆری وەرزشی بەخۆشحالییەوە توانیم بۆ یەکەمینjار پێشانگایەکی فۆتۆگرافی وەرزشی بکەمەوە، کردنەوەی ئەم پێشانگایە تەنها ڕێزگرتن و وەفاداریی و خۆشەویستی بوو بۆ یاریزانی یانەی هەولێر دیار ڕەحمان ، بێگومان لەڕێگەی ڕۆژنامەکەتانەوە هەمیشە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بەشداریان لەپێشانگایەکەدا کردبوو، هەمیشە بەهاتنیان وئامادەبوونیان ڕێزگرتنێکی بێ وێنە بوو بۆ ئەزموونی یاریزانی یانەی هەولێر دیار ڕەحمان.

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین



بۆسکیچ: دووبارەکردنەوەی ئەو دەستکەوتە ئەستەم دەبێت

سێرجیۆ بۆسکیچ، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، دڵخۆشی خۆی بە بەدەستهێنانی نازناوی لیگا، بۆ جاری 26لە میژووی یانەکەی کەتەڵۆنیا دەربڕی، دوای بردنەوە بە گۆڵێکی بێ وەڵام لە یانەی لیڤانتی، پێش سێ گەڕ لە کۆتاییهاتنی خولەکەدا.
دوای یاریەکە و بەرزکردنەوەی قەڵغانی لیگا، بۆسکیتس لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی سپۆرت دا و وتی:" ئەستەم دەبێت بەرشلۆنە جارێکی دیکە بتوانێت، 8جار نازناوی لیگا بەدەست بێنێت لە ماوەی 11وەرزدا، چونکە خولی ئیسپانیا زۆر زەحمەتە و باشترین تیپەکان تێیدا یاری دەکەن، هەندێکیان لە پێناوی گەیشتن بە خولەکانی ئەوروپا دەجەنگن، ئەوەی ئێمە کردمان، بە دەستکەوتێکی میژوویی دادەنرێت".



هەروەها وتی:"بەرشلۆنە تیپێکی گەورەیە، بەڵام ئێمە ئەوپەڕی هەوڵەکانمان خستەگەڕ، ڕاستە ئێمە خاوەنی باشترین یاریزانی جیهانین، مێسی، کە زۆر شتی بۆ ئاسان کردووین، بەڵام نازناوەکە بە هەوڵی هەموان بوو".
بۆسکیتس لە کۆتاییدا وتی:"یەکلاییکردنەوە ی نازناوەکان، زۆر لەسەرمان دەوەستێت، بۆیە بەرامبەر لیڤانتی نااڵندمان، بەڵام ئەوکاتە بۆ یەکلاییکردنەوەی نازناوەکە گرنگ بوو، بۆ ئەوەی چاو بخەینە سەر خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ، ئەگەر ئەمڕۆکە سەرکەوتوو نەباین، لەوانەبوو هەفتەیەکی زەحمەتمان لە پێش بایە".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
The, 30. Apr. 2019 No: (5740)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

گرووپی ڕووناک

پلەی یەکەمی فیستیڤاڵی مۆسیقای (ڕێگای هەوریشم)ی چینی بە دەستهێنا

خەبات: بەرهەم شێخ عزەدین

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گرووپی مۆسیقای (ڕووناک) کارو چالاکییەکانی گرووپەکەیانی بۆ خەبات ناردووە و بەمجۆرە :

گرووپی مۆسیقای (ڕووناک) بەسەرپەرشتی موزیکزان و گۆرانیبێژی کورد (کەیوان عەلی محەمەدی) لە نوێترین بەشداریی نێو دەوڵەتی خۆیدا لە شەشەمین خولی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی مۆسیقای (ڕێگای هەوریشم) لەوڵاتی چین بەشداریکردو لە هۆڵی ئۆپێڕای گەورەی پێکەن و هەروەها لە شوێنی سەر ئاوەڵای شاری (شیان) بە میژووی زیاتر لە سێ هەزار ساڵ و یەکێک لە چوار پایتەختی باستانی و ناوەندی پارێزگای "شا.ئان.شی" کۆنسێرتی پێشکەشکردو لە لایەن هۆگرانی میوزیکەوە پێشوازیی لێکراو لە لایەن ئەندامانی لیژنەی داوەران پلەی یەکەم بەم گرووپە موزیکە بەخشرا.

کەیوان عەلی محەمەدی سەرپەرشت و گۆرانیبێژی گرووپی مۆسیقای (ڕووناک) سەبارەت بە پێشکەشکردنی کۆنسێرت لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی مۆسیقای (ڕێگای هەوریشم) لە وڵاتی چین دەڵێت:ئەم فیستیڤاڵە بە بەشداریی 12 گرووپی مۆسیقا لە چەند وڵاتانی جیهان، لەوانە: هیندستان، بەرازیل، ئیسپانیا، ئازەربایجان، تورکیا، سێربستان، ڕووسیا، گورجستان، ئێران و چەندین وڵاتی دیکە پێش کۆتایی هاتنی سەری ساڵی نوێی جەژنی نەورۆزەوە بەڕێوەچوو و گرووپی مۆسیقای "ڕووناک" لە لایەن ئەندامانی لیژنەی داوەرانی 11 کەس پێکهاتبوون وەکو باشترین گرووپی فۆلکلۆری ئەم فیستیڤاڵە دەستیشانکرا

مانگێک کۆنسێرت لە شاری (شیان)ی چین

ئەم فیستیڤاڵە بۆ ماوەی (سی) ڕۆژ بەڕێوەچوو، بەڵام تا ڕادەیەک کۆنسێرتەکانی گرووپی مۆسیقای "ڕووناک"، گۆرانییەکان و جلوبەرگی کوردی و نەتەوەکانی دیکەو هەروەها زمان و زاراوە جۆراو جۆرەکانی ئێمەیان پێخۆش بوو. کە نزیکەی مانگێک لە "شیان" کۆنسێرتمان پێشکەشکرد. شیان شارێکی گەشتیاریی نێودەوڵەتی گرنگی پیشەسازییە، زانستی و تەکنۆلۆژیا، پەروەردە و کەلتووری، بازرگانی و ئابووری وڵاتی چینەو لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی زۆر باش لە بەرنامەکانمان کرا. بە شێوەیەک کە هەر ڕۆژ نزیکەی 5هەزار کەس کۆنسێرتەکانی ئێمەیان لە نزیکەوە دەبینی و من، ئەم بەرنامانە یەکێک لە باشترین کۆنسێرتەکانی ئێمە لە وڵاتی چین.

مانۆڕاوایی چنییەکان بە چاوی پڕلە فرمێسکەوە

ئەم ژمارە لە دریژەی قسەکانیدا گوتی: پێشوازی هۆگرانی موزیک لە کۆنسێرتەکانی گرووپی مۆسیقای "ڕووناک" لە وڵاتی چین بە ڕادەیەک بوو کە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە ماندوو دەبووین، بەڵام ناچار بووین کە شەو لە دوای یەک، کۆنسێرت پێشکەش بکەین و ژمارەیەکی زۆر لە چینییەکان بە هۆی ئەو هۆگرییەی کە بە گرووپی ئێمە هەیانبوو، لە ڕۆژی کۆتاییدا بۆ مانۆاوایی هاتن بۆ فڕۆکەخانەو خۆشەویستی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕی و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، مانۆاوایان لێکردین.

ئەندامانی گرووپی میوزیکی "ڕووناک" لە کۆنسێرتی چین گرووپی میوزیکی "ڕووناک" لە کۆنسێرتی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی مۆسیقای "ڕێگای هەوریشم" بریتی بوون لە:

کەیوان عەلی محەمەدی - سەرپەرشتی گرووپ، دابەشکردنی میوزیک، ژەنیاری دەف و گۆرانیبێژ، کاویان عەلی محەمەدی - ژەنیاری کەمانچە، حانییە عەلی محەمەدی - ژەنیاری تار، نێدا ڕەزاییان - ژەنیاری نەی ئەنبان، عوودو ئامێزە کوتراوەکان، مریەم مەرزبانی - ژەنیاری دەف و نەقارە، موجتەبا شاداب فەر - ژەنیاری گیتار باس و میهرداد مەحموودی - ژەنیاری کیبۆرد. یەکێتی نەتەوەیی و "ئاشتی و دۆستایەتی" گرووپی میوزیکی "ڕووناک" جۆراو جۆرەکانی ئێران لەوانە: گۆرانی، ئامێر، زاراوە و جلوبەرگ، تواناییان تیایدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی خۆیان هەبێت. گرووپی "ڕووناک" تا ئێستا سێ ئەلبووومی میوزیکی بە ناوەکانی "ڕووناک"، "ئێران وڵاتی من" و "حاجی فیروز" بڵاوکردۆتەوە و لە تەلاری وەحدەتی تاران و شارەکانی ئێران و هەروەها وڵاتانی جۆراو جۆری جیهان لەوانە: ڕووسیا، تورکمانیستان، کوەیت، مالیزیا، فەڕەنسا، ئیمارات، بەحرەین، ئەڵمانیا، تورکیا، نەمسا، هەرێمی کوردستان و چەندین وڵاتی دیکە کۆنسێرتان پێشکەشکردووە.





چاپکراوی نوێ





دوو کتێبی وەرگێڕدراوی هەڵکەوت عەبدوڵڵا



کەواو چاکەت

جلی ڕەسەنی ناوچەی گەرمەسێرە

خەبات: سەربەست برزۆ

کەوا و چاکەت جلی ڕەسەنی ناوچەی گەرمەسێر و خانەقینە، هەر چەندە ساڵانێکی دوور و درێژە کەواو چاکەت باوی نەماوە و کەس لەبەری ناکات. . وەلێ کامل جەمیل بەگی سورەمێری شاعیری ناوداری خانەقین و ناوچەی گەرمەسێر ئەو ڕێچکەیە دەشکێنی و ڕۆژانە بە کەواو چاکەتێکی جوانەوە دێتە ناو خەڵک، وەک خۆی دەڵێت: ئەو ڕێچکەیە دەشکێنم و خەڵکی خانەقین و گەرمەسێر لەگەڵ کەواو چاکەتدا ئاشت دەکەمەوە تا کۆتایی ڕێگاکە کۆڵ نادەم و بەوەش ڕازی نابم کە تەنها لە یادەکاندا کەواو چاکەت لەبەر بکرێت ، بەڵکو دەبێ ڕۆژانە لەبەری بکەن، چونکە جلوبەرگێک ڕەسەنی باوباپیرانمانە و جلێکی جوانە کە جاران خانەقینی بەودا دیار دەکەوت، لە گەرمیانی خۆشەویست کەواو سەڵتە باو بوو، لە خانەقینیش کەواو چاکەت ، سەرەڕای ئەوەی لە زۆر شوێنی تر کەواو چاکەت لەبەر دەکرا، بەڵام لە خانەقین گشتی بوو . خەبات بەپێویستی زانی کامل جەمیل بەگی سورەمێری بەسەر بکاتەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بدات.



لە ماسنجەری فەیسبووک نامە نێردراوەکان دیلیت نابن

هەردەوان : پاش گەشەسەندنی بەرچاوی تۆڕی فەیسبوک و ماسنجەر لە جیهاندا، لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕە لەکاتی پەیوەندیکردن تەلەفۆن و ڤیدیۆ و دەنگ بەکاردەهێنن. لە ئێستاشدا دەنگۆی بڵاوبوونەوەی چەند بەرنامە و ئەپێک بۆ سڕینەوەی نامە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەتەوە، کە گوایە بەکارهێنەرانی ئەو تۆڕە دەتوانن نامەکانیان دیلیت



بکەن بێ ئەوەی کەسی بەرامبەر ئاگاداربێت.تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک تاکو ئێستا بەشێوەیەکی فەرمی ئەو خزمەتگوزاریەی کارا نەکردووە و هیچ ڕێگەیەکی بۆ ئەو مەبەستەش نەخستووەتە بەردەستی بەکارهێنەران. ئەوەی شایەنی باسە بوونی ژمارەیەک وێبسایت و پێگەی نافەرمییە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگۆیان بۆ دەکرێت و، هەندێکیان جگە لە پێگەیەک بۆ هاک هیچی دیکە نین. بە جۆرێک بەشێکی زۆر لە هاکەرانە چەند پێگەیەکیان دامەزراندووە کە ڕێنمایی بەکارهێنەرانی مەسنجەر دەکات بۆ سپاینەوەی نامەکانیان لەسەر مەسنجەری کەسی بەرامبەر، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پێگانە تەنها دەرچەیەکن بۆ هاک و هیچیتر. بۆیە ئەگەر پێت وایە ئەو نامانەی کە لای خۆتەوە دیلیتیان دەکەیت لای کەسی بەرامبەریش هەمان شتە ئەوە هەڵەیت و ئاگاداربە، هێشتا ئەو نامانە لای کەسی بەرامبەر بوونیان ماوە و دەتوانن بە ئاسانی ببینبنەوە.